YADNAMA
# یادنامە

بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی (مێژوو ، کەلتوور ، زمان ، یادەوەری ، پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لە خۆدەگرێت.
یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنیە

خاوەن ئیمتیاز و سەرنوسەر
سەرکەوتی جیهاز
دەستەی نوسەران
بەختیار شارەزوری
ڕەووف محەمەد ئالانی

ژمارەی ٦٩ی شوبات ٢٠٢٥ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.69.February.2025

## تەوتین یان هەژماری من

**یادنامە**

ماوەی چەند ساڵێکە دۆسیەی موچە سەرەڕای وردەکاری داهاتەکانی نەوتی و نا نەوتی و داهاتەکانی ناوخۆ ، لە نێوان هەولێر و بەغدادا لەسەروی هەموژمێرارییەکانەوە موچە کەوتوەتە نێوان بەرداشی ئەم دوو سەنتەرەوە ، ئەگەر چی هەموو لایەک کۆکن کە موچەی فەرمانبەرانی عێراق بە هەرێمیشەوە دەبێت نیشتمانی بێت و بەدەربێت لە کێشمەکێشی سیاسی و ئابوری و سەربازی ، بەڵام لەسەر ئەرزی واقع موچە کراوەتە مەلەفێکی سیاسی و لەوەش گەورەتر بوەتە کێشەیەکی ناوچەیی .

لە ڕاستیدا تەوتین و هەژماری من بانک نین بەڵکو پرۆسەن ، هەر کامیان بێت کۆمەڵێک بانک دەچێتە ناو یەکێ لەم پرۆسانەوە ، خۆ ئەگەر هەژماری من بێت ئەوا پارەکە دێتە لای حکومەتی هەرێم و دەچێتە ناو هەژماری ئەو بانکانەی کە لە چوارچێوەی ئەم پرۆسەیەدا بونیان هەیە و بە سیستەمی دارایی حکومەتی هەرێم موچە دەدرێت ، خۆ ئەگەر لە پرۆسەی تەوتین بێت ئەوا لە بەغدادەوە و لە دارایی عێراقەوە دەچێتە سەر هەژماری ئەو بانکانەی کەلەم پرۆسەیەدا بونی هەیە ، هەموو عێراقیەک بە هەرێمیشەوە ئەو ڕاستیە دەزانن کە پرۆسەی تەوتین موچە بێ دواکەوتن و لەسەر بنەمای سیستەمی مالی و دارایی عێراق دەدرێت ، هەر بۆیە بۆ هەموو فەرمانبەرێک کە موچەی لێنەبڕێت و بدرێت و دوانەکەوێ تەوتین باشترە لە هەژماری من ، خۆ ئەگەر پرۆسەی هەژماری من بیتوانیایە بێ کێشە موچە بدات ئەوا بێگومان فەرمانبەرانی هەرێم هەژماری منیان هەڵدەبژارد ، حکومەتی هەرێم ئەگەر بیەوێ فەرمانبەر بێگوشار و بەخواستی خۆی یەکێ لەم پرۆسانە هەڵبژێرێ دەبێت دڵنیایی بدات کە موچە بەبێ کێشە لە ڕێگەی هەژماری منەوە دەدرێت.

## حەڤدەی شوبات وەک خۆی

**یادنامە**

حەڤدەی شوبات بەدەر لەوەی کێ بو کردی و کام مەکینە هەڵسوڕێنەری ئەم قۆناغەگرنگە بو ، پرۆسەکە لە گشتدا قۆناغی ڕوبەڕوبونەوەی دەستەڵاتێک بو کە هاوڵاتی تەواو وەلاوە نرابو حیزب و ئەندامانی بوبونە مۆتەکەیەک و هاوڵاتی وەک سەنتەر غائیب بو ، حەڤدەی شوبات پێش هەمو کارەگرنگەکانی قۆناغی هوشیاربونەوەی تاک و بەسەنتەرکردنی هاوڵاتی بو ، دروستکردنی ڕای گشتی و گوشاری کۆمەڵایەتی بو لەسەرکۆی دەستەڵات ، بۆیە حەڤدەی شوبات وەک قۆناغێکی گرنگ دەبێت بخوێنرێتەوە کە توانرا ئازادی و هوشیاری بۆ ناساندنی ژورە تاریکەکان بەرهەم بهێنرێت ، حەڤدەی شوبات بەهەوڵی کۆمەڵێک چالاکەوان و پێشمەرگە و خوێنی شەهیدان ئەنجامدرا کە دەبێت وەک سمبولی قۆناغێکی گرنگ ببینرێت.





مستەفا پاشای یامولکی ... ل٢
سوود وزیانەکانی بایکۆت ... ل٣
لەنێوان جارانی دواکەوتوو و ئێستای پێشکەوتوودا ... ل٥
ژن لە مێژوودا ... ل٦
حەزکردن لە شتی بێ بایەخ ... ل٧
زرە خەونێک ... ل٨
ڕەوتێک بۆ گۆڕین ... ل٩
بەیادی جاران ... ل١٠
ڕۆژی جیهانی زمانی دایک ... ل١١
زمانی دایکی و گرینگییەکانی ... ل١٢
زمانی دایک چییە ... ل١٤
تیدی سێ ساڵان بچووکترین ئەندامی مێنسایە ... ل١٥
داستانی دابان ، هەلاج ... ل١٧
زامێک لە نێوان هەلکشان و داکشان ... ل١٨




# مستەفا پاشای یامولکی

کوڕی عەزیز یامولکیی مەلا زادەیەکی بیارەیە. ڕۆژی 25-01-1866 لە گەڕەکی گۆیژەی شاری سلێمانی لەدایک بووە. یەکەمجار لای مەلا فەتاح لە مزگەوتی حاجی سەید حەسەن و لای عیرفان ئەفەندی خوێندویەتی، پاشتر سەرەتایی و ئامادەیی سەربازیی بەغدا مەکتەبی حەربییەی ئەستەمبوڵی لە 1885ز.دا تەواوکردووە. بەمولازمی دووەمی چووەتە پۆلی ئەرکانی جەنگ و 1886ز. بووە بەمولازمی یەکەم.
1888ز.، سەفییەخانی حسێن پاشای خەندانی هێناوە. ئەو ساڵە بووە بە یووزباشی (نەقیب) و لە لقی سێیەمی ئەرکانی گشتیی جەنگدا دامەزراوە. ساڵی1889ز. بووە بەقول ئاغاسی (ڕائید) و، بەدوای خۆی ڕەوانەی ئەرکەکانی جەنگی حیجاز کراوە. 1892ز. کراوەتە بینباشی (موقەددەم) ، گوێزراوەتەوە بۆ ئەرکەکانی جەنگی ئۆردووی هومایۆنی شەشەم و، بەرودوا هەرسێ قونسڵخانەی خۆی و سەڵماس و قارس و، 1898ز.یش بۆ ئەرکەکانی جەنگی ئۆردوو لە بەغدا. 1900ز. پلەی قائیمقامی دراوەتێ و، لە 1901ز.دا کراوە بە سەرۆکی ئەرکەکانی جەنگی ئۆردوو 1902ز. بووە بە سەرۆکی ئەرکانی جەنگی فیرقەی شانزەهەمی ڕەدیق لەسیواس، 1904ز. بە میرلیوا (میرالای) و، 1905ز. بەمەئمووری کۆمیسیۆنی سنووری خاقانیی ناوچەکانی سلێمانی و وەزنە و لاجان.
بەڕاگەیاندنی مەشروتییەتی عوسمانی، کراوە بە سەرۆکی ئەرکانی جەنگی فیرقەی ئەنقەرە. 1908ز. بووە بە فەرماندەی لیوای نیزامیی بیست و یەکەمی ئۆردووی شەشەم لە بەغدا: ساڵی 1910ز. بەفەرماندەی فیرقەی سێیەمی نیزامی لە تەشکیلاتی نوێی فەیلەقی دەیەم: 1911ز.
بەفەرماندەی فیرقەی نیزامیی پێنجەم لەمایدۆس: 1912ز. بەفەرماندەی فیرقەی نیزامیی بیست و حەوتەم لەبەیروت و، بەشداری شەڕی باڵکان بووە.
1913ز. کە ئەنوەری پاشا بووەتە وەزیری جەنگ، خانەنشین کراوە و، بەدرێژایی ی یەکەمین جەنگی جیهانی لە ئەستەمبووڵا دانیشتووەو، لایەنگری حیزبی (حوڕڕییەت و ئیئتیلاف) بووە. پاش جەنگ، پلە و پایەی جارانی دراوەتەوەو، بووە بەئەندامی دیوانی جەنگ بۆ سزادانی سەرانی (ئیتیحاد و تەرەقی) . ئەو دەمە، بووە بەئەندامی (جەمعییەتی تەعالی کوردستان) لەئەستەمووڵ.
1919ز. کەفەرید پاشا کابینەی پێکهێنایەوە، بووە والیی ویلایەتی خوداوەندکارو، هەمان ساڵ برووسەی بەجێ هێشتووە و گەڕاوەتەوە بۆ ئەستەمبووڵ. 23-4-1920ز. بەئیرادەی شاهاتە کراوە بە سەرۆکی دیوانی عورفی یەکەم و، سزای توندی کەمالییەکانی داوە. 21-10-1920، بەهاتنەسەر کاری کابینەی تۆفیق پاشای لایەنگری کەمالییەکانی، گیراوە و دراوەتە دادگا. بەڵام 06-02-1921ز. بەئیرادەی سوڵتان بەربووەو، دەستی لەکار کێشراوەتەوە. 17-6ی ئەو ساڵە لەئەستەمبووڵەوە گەڕاوەتەوەو، 04-10-1921ز. گەیشتووەتە سلێمانی.
12-7-1922ز. بووە بە سەرۆکی (جەمعییەتی کوردستان) و 05-09-1922ز. بە ئەندامی ئەنجوومەنی ئیدارەی شار، دوای ئەوەی ئینگلیز سلێمانیی چۆڵ کردووە. ئەو ڕۆژانە ئیمتیازی ڕۆژنامەی بانگی کوردستانی وەرگرتووە و، خۆیشی وەک مودیری مەسئوول و سەرموحەڕیر بەڕێوەی بردووە و سیانزە ژمارەی لێ دەرکردووە.
لەدووەم حکوومەتی کوردستاندا، بەڕەئیسی مەعاریف دانراوە. 03-03-1923ز. لەگەڵ چەند کەسێکی تردا بەوەفد چوونەتە کەرکووک و بەغدا بۆ گفتوگۆکردن. لەدووەم خولی حوکمی ڕاستەوخۆی ئینگلیزدا، ژمارە (14) ی بانگی کوردستانی بەتەنیا بڵاوکردووەتەوە. لەڕۆیشتنە عوموومیەکەی 17-6-1923ز. دا، چووەتە بەغدا و تاسەر لەوێ نیشتەجێ بووە. ساڵی 1926ز.، سێ ژمارەی تری لەبانگی کوردستان دەرکردەوە. ڕۆژی 25-1-1936ز. لە گەڕەکی عیوازییەی بەغدا کۆچی دوایی کردووە و بەڕاسپێریی خۆی لە (گردی سەیوان) نێژراوە.

**کوردپیدیا**





مستەفا پاشای یامولکی و مستەفا کەمال

# سوود وزیانەکانی بایکۆت

ڕەووف محەمەد ئالانی



بایکۆتکردن بریتیە لە هەڵوێستێکی کرداری یان دەکرێ بڵێین شێوازێکی مەدەنیانە و ناتوندوتیژیە بۆ فشار خستنە سەر لایەنێک یان دەسەڵات بۆ بەدەستهێنانی ماف و داواکارییەکان.

ئەم هەڵوێستە کاتێک ئەنجام ئەدرێت لایەنی خاوەن دەسەڵات، دەست بگرێت بەسەر مافی ئەوانەی ئەرکەکانیان ئەنجامداوە، واتە مافەکانیان زەوت کراوە و دوور لەیاسا مامەڵەیەیان لەگەڵ کراوە و ئەوانیش بۆ سەندنەوەی مافەکانیان، هەڵوێست وەرئەگرن، بایکۆتیش یەکێکە لەو هەڵوێستانەی کە بە هێمنی و دوور لە توندوتیژی ئەنجام دەدرێت.

لە کۆمەڵگە شارستانیەکان بایکۆت هێمایە بۆ گەشەی کۆمەڵگە و خەباتی مەدەنی، پێشکەوتنی گەل، هەر بۆیە (ماهاتماگاندی)وتویّتی: (بایکۆت بەهێزترین چەکی ناتوندوتیژییە کە گەل دەتوانێت بەکاری بهێنێت).

هیچ گومان هەڵناگرێ کە بایکۆت ڕەنگدانەوە و کاریگەری زۆری هەیە بۆ بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکان و هەڵوێستەکردن لەسەر ستەم و پێشێلکاری وەرگرتن لێی، وەک نیلسۆن ماندێلا وتویّتی:(بایکۆت یەکێکە لە کاریگەرترین ڕێگاکان بۆ گۆڕانکاری بەبێ توندوتیژی). بایکۆت چەند جۆرێکی سەرەکی لەناو کۆمەڵگەدا هەیە، بەشێکیان ئەمانە دەگرێتەوە:

١-بایکۆتی ئابوری:

بایکۆتی ئابوری دەکرێ لەم خاڵانەدا کورت بکرێنەوە:

١- نەکڕینی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانی لایەنی بەرامبەر

٢- پاشەکشەکردن لە هەموو مامەڵە بازرگانییەکان

٣- هاندانی خەڵکانی تر بۆ بەشداری لە بایکۆت کردن

٢. بایکۆتی کۆمەڵایەتی:

دەکرێ بایکۆتی کۆمەڵایەتی لەم خاڵانەدا کورت بکەینەوە:

١- بەشداری نەکردن لە چالاکی و بۆنەکان

٢- خۆبواردن و دوورەپەرێزی لە پەیوەندی کۆمەڵایەتیەکان

٣- ڕەتکردنەوەی هاوکاری نەکردنی ئەوانی تر و دوورەپەرێزی

٣. بایکۆتی دامەزراوەیی:

ئەم جۆرەش لەمانەدا، دەبینرێتەوە:

١-ئەنجام نەدانی کارە خزمەتگوزارییە فەرمییەکان

٢- بەشداری نەکردن لە پرۆسە حکومییەکان و کارگێڕییەکان و دامودەزگا فەرمییەکان

٤. بایکۆتی میدیایی و ڕاگەیاندن:

ئەم بایکۆتە دوو لایەنی هەیە:

١-میدیا ولایەنی کەسی

١-بایکۆت کردنی کەس و لایەنەکان بۆ میدیایەک

٢-بایکۆت کردنی میدیا بۆ کەس و لایەنەکان

واتە میدیا چەند کەس و لایەنێک ئەخاتە لیستی ڕەش و بایکۆتی لێدوان ودەرکەوتنیان ئەکات

٢-میدیا ڕۆڵی لە بایکۆت کردندا

١- بڵاوکردنەوەی زانیاری دەربارەی بایکۆتەکە

٢- هۆشیارکردنەوەی خەڵک سەبارەت بە هۆکارەکانی بایکۆت کردنەکە

٣-دروستکردنی ڕای گشتی و پشتیوانیکردن

لەهەرێمی کوردستاندا لەماوەی دە ساڵدا زیاد لە حە فتا خۆپیشاندان و نارەزایەتی کراوە، بەهۆی هەڵەی دەسەڵاتدارانی حکومەتی هەرێم، بەبیانوی ئابوری سەربەخۆ، ئابوریان دارمان و هەموو سێکتەرەکانی کۆمەڵگەیان بەرەو ئاقارێکی خراپ و وێرانە ئاراستەکرد، بەتایبەت موچەخۆران، بەهۆکاری نەدانی موچەکانیان و پاشەکەوت و لێبڕین، بە هەموو ئەمانە زیاد لە(٥١) موچەی فەرمانبەران و مامۆستایان لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە،نەدراوە یان کراوە بەنیوە موچە یان پاشەکەوت کراوە. ئەمەش نارەزایەتی لێکەوتەوە بەتایبەت مامۆستایان خۆپیشاندان و بایکۆتی هۆڵەکانی خوێندنیان کرد، ئەم خەباتە هەموو شارەکانی هەرێمی نەگرتەوە، بەڵکو بەهۆکاری دابەشبوونی جوگرافی سیاسی و حیزبی و زۆنەکان، زیاتر زۆنی سەوزی قەڵەمڕەوی یەکێتی گرتەوە، بەمەبەستی ئیدارەدان و بەکارهێنانی نارەزایەتیەکان و قۆستنەوەی بۆ ئامانجی سیاسی و ململانێ و فشار بۆ سەر لایەنی بەرامبەر، بۆیە دەنگی داواکاریەکان کزبوون و نەگەیشتنە هەموو هەرێم، سەرەرای جیاوازی بەرقەرار بوونی دیدگای خەڵکی شارەکان بۆ ئازادی و چۆنێتی مامەڵەی دەسەڵاتی زۆنەکان بۆ ماف و ئازادییەکان، وایکردووە جۆری نارەزایەتیەکان جیاواز بێت.

هۆکارەکان زۆرن بەشێک لەوانە:

١-جیاوازی ئاستی مامەڵەی سیاسی و کارگێڕی زۆنەکان و گەشەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی

٢- ململانێی دەسەڵاتدارانی ناوحکومەت و زۆنەکان و بەکارهێنانی نارەزایەتیەکان دژ بەیەکتر زۆرجار لایەنێک پشتگیری نارەزایەتی کردووە وەک فشار بۆ لایەنەکەی تر، کەی ویستبێتی یان بە فشار یان بەفرمانی حیزبی کۆتایی بەو نارەزایەتیانە هێناوە. لە پرۆسەی بایکۆتی پەروەردەدا، چەندین لایەن زەرەرمەند دەبن و هەندێک لایەنیش سوودمەندن.

زەرەرمەندەکانی بایکۆت:

١. قوتابیان وخوێندکاران: لەم ڕووانەوە زەرەرمەند دەبن:

١- دواکەوتن لە خوێندن و بابەتی وانەکان

٢-کاریگەری نەرێنی لەسەر ئاستی زانستییان جێدەهێڵێت

٣-دروستبوونی بۆشایی لە زانیارییەکانیاندا

٤-کاریگەری و نیگەرانی دەروونی لیدەکەوێتەوە

٢. دایک و باوکان، لەم ڕووانەوە زەرەرمەند دەبن:

١-زۆر بوونی ئەرکی ماڵەوە

٢- زیانی ئابوری بەهۆی تێچووی زیاتر بۆ وانەی تایبەت

3-نیگەران و بیری ئاڵۆز لەسەر داهاتووی منداڵەکانیان دروست دەکات

٤- کێشە بۆ ڕێکخستنی کاتی منداڵەکانیان دروست دەکات

٣. کۆمەڵگە:

١-دواکەوتنی کۆمەڵگە لە پێشکەوتنی زانستیدا

٢-کاریگەری لەسەر داهاتووی وڵات جێدەهێڵێت

٣- زیادبوونی کێشە کۆمەڵایەتییەکان

سوودمەندەکانی بایکۆت: ئەوەی لە بایکۆت سود دەبینێت:

١. خوێندنگە ئەهلی و تایبەتیەکان

١-زیادبوونی داواکاری خواست لەسەر وانەی تایبەت و خوێندنی ئەهلی

٢-بەرزبوونەوەی نرخی وانەکانی خوێندن

٣-زیادبوونی داهاتی ئەو خوێندنگە ئەهلییانە لەسەر گیرفانی خەڵک بەناچاری

بەڵام گرنگە بزانین کە لەم زیان گەیاندنەدا، ئەمانە پێویستە ڕەچاو بکرێن:

١- زیانەکانی درێژخایەنن و قەرەبووکردنەوەیان ئاسان نییە

٢-کاریگەری لەسەر چەندین نەوە دەبێت

٣- دەبێتە هۆی لاوازبوونی سیستمی پەروەردە

٤-دواکەوتنی گەشەی ئاسایی کۆمەڵگا


هەربۆیە پێویستە ئەم هەنگاوانە بگیرێنەبەر:

١- دۆزینەوەی ڕێگاچارەی خێرا

٢- گفتوگۆی بەردەوام لەنێوان لایەنەکان

٣-پاراستنی بەرژەوەندی قوتابیان وخووخوێندکاران
٤- دانانی پلانی جێگرەوە بۆ قەرەبووکردنەوەی کاتە لەدەستچووەکان
گرنگە بایكۆت كردن بە شێوەیەكی رێكخراو و بەردەوام بێت بۆ ئەوەی كاریگەری هەبێت، هەروەها پێویستە ئامانجەكان ڕوون بن و داواكارییەكان دیاریكراو بن.
لە مێژووی خەباتی مەدەنیدا چەند نموونەیەکی نزیک لەو وواڵتانەی بایکۆتیان کردووە و ئەو شێوازە ناڕەزایەتیە ئەنجامی هەبووە، دەخەمەڕوو :
ا- مەغریب: ساڵی ٢٠١٩ مامۆستایانی گرێبەست بایكۆتی فەرمانگەكانیان كرد
ب- لوبنان: ساڵی ٢٠٢٠-٢٠٢١ کارمەندانی کەرتی گشتی بایکۆتیان کرد، بەهۆی قەیرانی دارایی و دابەزینی بەهای دراو
ج- یۆنان: لە ساڵانی ٢٠١٠-٢٠١٢ بایکۆتی فراوانی فەرمانگەکان کرا بەهۆی کەمکردنەوەی موچەی فەرمانبەران
بەڵام هیچ لەم وڵاتانە هێندەی هەرێمی كوردستانا، دەسەڵاتەكەی خەمسارد و بێباك و بێمنەت نەبووە، ئەمەش گومان دەخاتە سەر دڵسۆزی و خەمی گشتی لای دەسەڵاتداران بۆ نیشتمان و گەل.
پێموایە بایكۆت ئەگەر بە پلان و بەرنامەی زانستی بێت كاریگەر و پڕبایەخە، هۆكارێكی گرنگە بۆ زیندوویی گەل، بۆیە(مارتن لوثەر) وتویەتی:
(بایكۆت تەنها ئامرازێک نییە، بەڵكو دەربڕینی ئیرادەی گەلە بۆ دادپەروەری).
ئەم شێوازە خەباتە سەلماندوویەتی كە یەكێكە لە كاریگەرترین ڕێگاكانی فشار خستنە سەر دەسەڵات بۆ وەڵامدانەوەی داواكارییەكانی خەڵك.
سەركەوتنی بایكۆت پەیوەستە بە:
١- یەكڕیزی و بەردەوامی كە ئەمەمان لە بایكۆتی هەرێمی كوردستان نەبینی
٢-ڕوونی ئامانجەكان، زیاتر خۆی لە داواكاری موچەدا دەبینیەوە كە داوایەكی ڕەوایە، بەڵام شێوازی مامەڵەكردن و فشارەكان كاریگەر نەبوون، بەهۆی دەستوەردانی حیزبەكان لە ناڕەزایەتیەكان
٣- پشتیوانی جەماوەری و توێژەكانی تر وەک پێویست هاوكارنەبوو لە بایكۆت و نارەزایەتیەكاندا
٤-ڕێكخستنی باش، زۆر بەشێوازی پەرش و بڵاوی و نارێكی ئاراستە دەكرا، بەهۆی بێپلانی و دوور لە گوتاری ڕێكخرو و هەندێ دروشمی توندی ناپەروەردەیی كە من پێموایە وەک پەرچەكرداری بێدەنگی و وواڵم نەدانەوەی دەسەڵاتداران بەكاردەهێنران، شێوازە مەدەنیەكەی گۆڕی بۆ ناوزراندن.
سەرەكی ترین فاكتەری ناڕەزایی و بایكۆت، پێنەدان و بڕین و پاشەكەوتی موچەی مامۆستایان و فەرمانبەران بوو، لە دەساڵی رابردوودا بەم شێوەیە موچە دابەشكرا:
لە 2015 چوار موچە نەدرا
لە 2016 موچە بە پاشەكەوتەوە درا
لە 2017 موچەیەک نەدراو 11ی دیكە بە پاشەكەوتەوە درا
لە 2018 بە هەمان شێوە موچەیەک نەدراو 11ی دیكە بە پاشەكەوتەوە درا
لە 2020 حەوت موچە نەدراو 4موچە ش بە لێبڕینەوە
لە 2021 هەشت موچە بە لێبڕینەوە
لە 2023سێ موچە نەدراوە
لەساڵی ٢٠٢٤ موچەی مانگی دوانزە نەدراوە، زۆربەی مانگەكانیش موچە دواكەوتوە
مافی مامۆستایان بۆ داواكردنی موچەی شایستە و دادپەروەرانە مافێكی سروشتییە. بەڵام دەبێت چەند لایەنێكی ئەرێنی و نەرێنی لەبەرچاو بگرین سەبارەت بە بایكۆتی هۆڵەكانی خوێندن:
١-كاریگەرییە نەرێنییەكان، ئەمانە دەگرێتەوە:
١-زیان گەیاندن بە پرۆسەی خوێندنی قوتابیان و كاریگەری لەسەر داهاتوویان
٢-دواكەوتنی پرۆگرامی خوێندن و پلانی وانە وتنەوە
٣-كاریگەری دەروونی لەسەر قوتابیان و خێزانەكانیان جێدەهێڵێت
٢-كاریگەرییە ئەرێنییەكان، لەم خاڵانەدا كورت دەكەمەوە:
١- فشار خستنە سەر بەرپرسان بۆ چارەسەركردنی كێشەی موچە
٢-دەرخستنی گرنگی و پێگەی مامۆستایان لە كۆمەڵگادا
٣-هاندانی كۆمەڵگا بۆ پشتیوانی كردن لە مافەكانی مامۆستایان

چەند ڕێگەچارەیەكی پێشنیاركراو دەخەمە ڕوو:
١- گفتوگۆی بەردەوام لەگەڵ بەرپرسان و لایەنە پەیوەنیدارەکان
٢- بەكارهێنانی ڕێگای یاسایی و مەدەنی، دوور لە توندوتیژی
٣-داواكردنی پشتیوانی لە ڕێكخراوە پیشەیی و دیموكراتی و جەماوەریەكان
٤- بەكارهێنانی میدیا بۆ گەیاندنی دەنگی ناڕەزایەتی
٥- داواكاری و سكاڵا بگەیەنرێتە لایەنە جیهانیەكانی یونسێف و یونسكۆ
بایكۆت دەكرێت وەک دوا ڕێگەچارە بەكاربهێنرێت، بەڵام پێویستە بە شێوەیەكی ڕێكخراو و بەرنامە بۆ داڕێژراو بێت، بۆ ئەوەی كەمترین زیان بە پرۆسەی پەروەردە بگەیەنێت.
چەندین ڕێگەی تر هەن كە دەكرێت پێش بایكۆت كردن تاقی بكرێنەوە:
١. ڕێكخراوەیی و نوێنەرایەتی:
أ-دروستكردنی لیژنەی نوێنەرایەتی مامۆستایان
ب-هەماهەنگی لەگەڵ سەندیكاوڕێكخراوی مامۆستایان
ج- كۆكردنەوەی واژۆی مامۆستایان بۆ پشتگیری داواكارییەكان
٢. ڕێگای دیپلۆماسی:
أ- داوای دیدار لەگەڵ بەرپرسانی پەیوەندیدار
ب-نووسینی نامەی فەرمی بۆ وەزارەتی پەروەردە
ج- پێشكەشكردنی پلانی چارەسەری واقیعی
٣. بەكارهێنانی میدیا:
أ-بڵاوكردنەوەی ڕاپۆرت وبەدواداچوون وبەرنامە لە سەر بایكۆت لە میدیاكان
ب- بەكارهێنانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان
ج- ئاگاداركردنەوەی ڕای گشتی لە ڕەوشی مامۆستایان و فەرمانبەران
٤. هەنگاوی یاسایی:
أ-پێشكەشكردنی سكاڵای یاسایی
ب- وەرگرتنی ڕاوێژی یاسایی
ج-بەدواداچوون لە ڕێگای دادگاوە
٥. هاوكاری و پشتیوانی:
ا-داوای پشتیوانی لە ڕێكخراوە نێودەوڵەتییەكان
ب-هەماهەنگی لەگەڵ پەرلەمانتاران
ج- وەرگرتنی پشتیوانی خێزانی قوتابیان
ئەمانە هەموو ڕێگەی ئاشتیانە و یاساییین كە دەكرێت پێش بایكۆت كردن تاقی بكرێنەوە. گرنگە هەنگاوەكان بە شێوەیەكی پلاندارێژراو و بەدواداچوونی بەردەوام بن.



# لەنێوان جارانی دواکەوتوو و ئێستای پێشکەوتوودا

تەها عومەر



سەد خۆزگە بەجارانی دواکەوتوو ، ئێستا لە جیهانی عەولەمەو تەکنۆلۆجیادا ون بووین و خۆمان بۆ نادۆزرێتەوە .

هەموو جوانیەکانی جاران پووکانەوەو باویان نەما ، تەنها لەیادەوەریماندا ماونەتەوە ، گەر چەند شتێکیش لەوانە مابێ ئەوا زۆرکاڵ بوونەتەوە ، زۆرداب ونەریت و کولتوور هەبوون خەڵک بەتامەزرۆییەوە پەیڕەویی ئەکردن ، کەچی ئێستا زۆرلەوانە گۆڕاون و بوون بەشتی تر کە هەمووی نامۆن بە کۆمەڵگاو کولتووری ئێمە .

جاران شەوی بەرات و شەوی چلەو نەورۆزمان هەبوو پیرەمێرد هەموو ساڵێک لەمامەیارە یادی نەورۆزی ئەکردەوەو کۆڕی شایی وهەڵپەڕکێی سازئەکردو خواردنی کوردەواری ئامادەئەکرا ، کەچی ئێستا ئەوانە خەریکن باویان نامێنێ ، مەگەر کەسانێکی دڵسۆز بە کولتوورو فەرهەنگ وزمانی کوردی کە جێگا دەستیان دیارە لەو بوارەدا ، ئێستا لەجێی ئەوانە هالوین و کریسمس و ڤالانتاین مان هەیە ،جاران کە کوڕێک یان کچێک ئەچووە ژیانی هاوسەرگیرییەوە شایی ورەشبەڵەکێک سازئەکرا ئەوسەری دیار نەبێ ، ئێستا هەڵپەڕکێ باوی نەماوەو بۆتە سەماو دانس کە فڕی بەسەر کولتووری ئێمەوە نییە ، ئەگەر سەماودانس نەزانی تۆ کەسێکی دواکەوتووی ، کچ وکوڕەکە لەئاهەنگی هاوسەرگیرییاندا دوای حەزلێکردن وعەشقێک بەیەک ئەگەن ، بەحساب بۆیەک سووتاون و عاشقی یەکن ، کەچی دوای دووسێ مانگ جیا ئەبنەوە ، چونکە لەڕێی فەیسبوک و تیک تۆک و سناپ چاتەوە یەکتریان ناسیوەو عاشقی یەکتربوون ، ئەوخۆشەویستیەش هەرئەوەندە بڕ ئەکات .

ئێستا وشەی دایەو بابە باویان نەماوەو کچ وکوڕە نەستەلەکانمان کردوویانە بە مامی و پاپی ،ئێستا کەس ناڵێ لەپۆلی چەندی بەڵکو ئەبێ بڵێی مناڵەکەت لەکلاسی چەندە ؟

کەئەچیتە چێشتخانەیەک نابێ بڵێی خواردن چیتان هەیە عەیبە ، ئەبێ بڵێی سۆری ، پلیس مینۆکەم بۆ بێنە ، دواتر ئەڵێی دوای خواردن فیدباگی خۆمتان پێ ئەڵێم ،نابێ بڵێی پەیوەندیمان ئەبێ ، جوانترو مۆدێرنترە بڵێی کۆنتاکتمان ئەبێ . عەیبە بڵێی شۆربا ئەبێ بڵێی سووپ ، ئێستا لەجیاتی چا ، قاوەو نیسکافەو شوکلاتەو کاکاوو نیسکویک ئەخۆینەوە ، لەجیاتی لوقمی شروبی ومەسکەت و لەبزینە ، لوقمادا و دۆنەت و کریپ و کەرەمێللا ئەخۆین .

ئێستا باوی قەیسی وکشمیش و پەڵپینە و ترخێنەو تەڕەسازو شێلم بەترش نەماوە ، باوباوی پیتزاو ماکدۆناڵ و فینگەرو کنتاکی و هانۆ و دۆنەرو ئەمستردامە . جاران مامۆستا هێندە قەدرگران و بەشکۆ بوو بەکۆڵێ شەرم و ئەتەکێتەوە لەگەڵیدا ئەدواین ، ڕوومان نەئەهات لەبەردەمیدا سەرهەڵبڕین ، خۆشترین ژیان ئەژیان ولەهیچیان کەم نەبوو ، بەداخەوە ئێستا دەسەڵاتی پڕلەگەندەڵی وڵات ئەو شکۆ بەرزەیان بەمامۆستاوە نەهێشت و بەسێ مانگ مووچەیەکی ئەدەنێ .

جاران خۆشگوزەرانترین کەس فەرمانبەر بوو ، ئێستا داماوترینن .

جاران هاوڕێ ڕۆحی بەسەرهاوڕێوە دەرئەچوو ، ئێستاهەمووهاوڕێیەتیەکان ڕاگوزەری و بەرژەوەندخوازین و هەرزووکاڵ ئەبنەوە ، نەک هەرهێندە بگرە زۆرجاریش ئەبینین لەسەر پارە هاوڕێ ، هاوڕێ نزیکەکەی خۆی ئەکوژێ.

جاران ژن ومێردەکان مەگەر بەڕێکەوت بەخۆشەویستی هاوسەرگیرییان بکردایە ، کەچی بەپیریش هەریەکتریان خۆش ئەویست ، ئێستا بەحساب بەخۆشەویستیش هاوسەرگیری ئەکەن ، مخابن دوای یەک مانگ سیوایان لەیەک ئەبێتەوەو شیروتیر لەیەک ئەسوون ، هەربۆیە ئێستادادگاکان پڕپڕن لەکێشەی هاوسەرەکان وهەرژن ومێردەو جیا ئەبنەوە ، چونکە ماڵیان هەمیشە پڕپڕە لەئاژاوە .

ئێستا نەدایک وباوک ئەوسۆزەیان بۆمناڵەکانیان هەیە و ، نە مناڵیش بەپێی پێویست ڕێز لە دایک و باوکیان ئەگرن ، زۆرجار لەسەر پارەو موڵک و ماڵ ئەبێتە شەڕیان ، هەربۆیە زۆرجار ئەبیستین وئەبینین ژن مێردەکەی و ، پیاو ژنەکەی و ، کوڕ باوکی ئەکوژێ .

جاران لەخێزانەکاندا خۆشەویستی وڕێز سەروەرو باڵادەست بوو ، ئێستا سۆشیال میدیا ، بۆیە هەمیشەماڵەکان پڕن لەئاژاوەو خێزان ئاگایان لەیەکتری نییە .

جاران کتێبخانە بەکتێبخانە بەدوای کتێب ، گۆڤار ، ڕۆژنامەیەکدا ئەگەڕاین ، سەرمان ئەکرد بەهەموو شوێنێکا بۆ شیعرێک نووسینێکی تازە کە بە دەستخەتیش نووسرابوو ، ئێستا باوی خوێندنەوەو کتێب نەماوەو لەسەر شەقامەکان هەڕاج ئەکرێن ، چونکە پێویستمان پێی نییە .

جاران کۆی خێزان شەوانە بەدیار چیرۆک و بەرنامەخۆشەکانی ڕادیۆی کرماشان و چیرۆکە تەمسیلییە ڕەش وسپییەکانی تەلەفزیۆنەوە دائەنیشتین ، ئێستا لەماڵەوە هەریەکەو مۆبایلێکی بەدەستەوەیە و کەس ئاگای لەوی تر نییە .


جاران نیشتمان و شکۆی نیشتمان و خۆشەویستیی نیشتمان لە سەرووی هەمووشتێکەوە بوو ، ئێستا نیشتمان لەزیهنی هەمواندا بۆتە ناشیرینترین و لەهەموولاوە جنێو باران ئەکرێ و بەرنەفرەت ئەدرێ ، خیانەتی لێ ئەکرێ ، ئەفرۆشرێ .

جاران فەرهەنگ و زمانی کوردی جێی شانازیی هەموو کەس بوو ، ئێستا گەر بە کوردیی پەتی قسەبکەی گاڵتەت پێ ئەکەن ، پۆز لەوەدایە وشەی عەرەبی و تورکی و فارسی و ئینگلیزی و فەڕەنسی و زمانی تریش تێکەڵی قسەکانت بکەی .

هەموو شوێنە کەلەپووریەکان فرۆشران وڕووخێنران و کران بەمۆڵ و ڤێللا و تەلاری بەرز .

کولتوورو داب ونەریتی کوردەواری و سەرجەم بەها و پەیوەندیەجوانەکۆمەڵایەتیەکان هەرەسیان هێنا ، ئێستا خێزانەکان بەدیار ئەڵقەی دۆبلاژکراوی تورکیەوە دائەنیشن و ئەتەکێت و خووڕەوشت لە تورکیاو وڵاتانی ئەوروپییەوە بەسەقەتی و شێواوی خۆئەکەن بەژووراو بەشانازی وپۆزەوە بەکاریان دێنین وکوێرانە لاسایی شتە ڕووکەشەکانیان ئەکەینەوە ، لاسایی هەموو شتێک ئەکەینەوە زانست و ڕۆشنبیری و خوێندن و خوێندەواری نەبێ .

تێبینی : هەندێ زانیاری وتێبینیم لە کۆمێنتێکی هاوڕێی ئازیزم مامۆستا ئاسۆ ئیبراهیم وەرگرتووە سوپاسی ئەکەم .









# ژن له مێژودا


## نوسینی دوکتۆر ( یوسف البندر )
## وەرگێڕانی بۆ کـــــوردی
## عمر محمـــــــود



لەهەموو ئەو ناوچانەی کە ئێستا عەرەبی تێدا دەژی ،
پێشتر تیایاندا ژن ڕۆڵی گەورەی گێڕاوە .
پادشای وڵات بووە . سەرکردەی سەربازی بووە . له سەر دەستی ئەوان و لەژێر دەسەڵاتیاندا ئاوەدانی و پێشکەوتن گەشەو پەرەسەندن بەدیهاتووە .
لە سەدەی ( ١٤ ) پێش زایین شاژنە ( نفرتیتی ) بە بەهێزترین ژن دانراوە لە مێژوی میسری کۆندا .هاوسەری یەکێک لە فیرعەونەکانی میسر بووە . پشتیوانی هاوسەرەکەی بووە لە چاکسازی ئاینی و،کۆمەڵایەتیدا .
له ( ١٠٠٠ ) ساڵی پێش زاییندا شاژنە ( بەلقیس ) لەیەمەن شاژنی ( سبأ ) بووە ،دوژمنەکانی تێکشکاندووە و ئاسایش و دڵنیایی بۆ مەملەکەتەکەی دابینکردووە . بەدانایی وڵات و خەڵکەکەی بەڕێوە بردووە . بەنداوی مەئرەبی نۆژەن کردۆتەوە . هەوڵی دابینکردنی دیموکراسی و داد پەوەری و بنیاتنانی دەوڵەتی دامەزراوەیی داوە .
نزیکەی ساڵی ( ٨٠٠ ) پێش زایین ، (سەمیر ئەمیس ) کە خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و زیرەک بوو ، ژنێکی جوان و دڵڕفێن بوو ،توانی دەسەڵاتی بەسەر وڵاتی دوو ئاواندا ( بلاد مابین النهرین ) دا بسەپێنێ .
لەسەدەی ( هەشتەمی ) پێش زایین ، شاژنە ( علیسە ) تاجی پادشایەتی نرایە سەر ، دامەزرێنەری قرتاج و یەکەم شاژنی بوو .بەزیرەکی ناسرابوو ، لە باکوری ئەفریقا قرتاجی بەڕێوە دەبردو جوڵەی بازرگانی فراوانی پەرەپێدا و دەسەڵاتی بەسەر کەنارەکانی دەریای سپیدا هەبوو .
ساڵی ( پەنجا )ی پێش زایین ، ( کلیۆپاترا ) تاجی خرایە سەر وەک حاکمی مەملەکەتی بەتڵەمیە لەمیسر . ئەو کاتە تەمەنی ( ٢٢ )ساڵ بوو . زۆر زیرەک بوو . خاوەن کەسایەتییەکی بەهێز و سیاسەتمەدارێکی زیرەک و پلان دانەرێکی سەربازی کارامەو لێهاتوو بوو . زمانی یۆنانی و ئەمازیغی و زمانە ئەسیوبیەکان و عەرەبی دەزانی .
ساڵی) ٢٧٠ ) زایین ، شاژنە ( زەنوبیا ) شاژنی مەملەکەتی تەدمور بوو . یەکێکە لە مەزنترین شاژنەکان لە مێژودا .
تەدموری کردە زلهێز لە خۆرهەڵاتی دووردا . پارەی لێداو گرنگی زۆری بە ئاوەدانی وهونەری بیناسازی دا . ئەمەو جگە لەوەی چوار زمانیشی دەزانی .
بەڵام شاژنە ( لەمیس ) ی کچی ( نوف ) لە یەمەن ،حوکمی وڵاتی مەئرەبی دەکرد . لەکۆنترین و یەکەمینەکانی شاژنەکان بوو لە سەردەمی پادشاکانی ( سبأ ) و حەمیرییەکاندا .
هاوکاری ( ذي المنار ) ی هاوسەری دەکردو لەکاتی هەڵمەتە سەربازیەکاندا کە گەیشتە شام و باکوری ئەفریقا مەملەکەتی بەڕێوە دەبرد .
لە ساڵی ( ٦٨٠ )ی زاییندا ، شاژنە ( دیهیا ) بوو بە شاژنی ئەمازیغ حوکمی باکوری ئەفریقای دەکردو بە سەربەرزی و شکۆمەندیەوە بەرگری لە خاک و گەلەکەی دەکرد دژی ڕۆمانەکان و عەرەبەکان بووە بەسیمبولی ئازایەتی وزیرەکی دۆست و دوژمن ڕێزی لێدەگرت .
دوای داگیر کردنی ئەو وڵات و مەملەکەتانە لە لایەن عەرەبەکانەوە بەبیانوی بڵاوکردنەوی ئایینی ئیسلام و مانەویان و جێگیربونیان و نەگەڕانەوەیان بۆ ئەو شوێنانەی لێوەی هاتوون . کلتورو داب و نەریتی کۆنینەی خۆیان بەسەر خەڵکانی ئەو ناوچانەی ژێر دەسەڵاتیان سەپاندووە ، دۆخی ژن لەو وڵاتانە بەتەواوی گۆڕاوەو هەموو ئەو ڕۆڵانەی لێ سەندراوەتەوە کە پێشتر پێی پێی هەستاوە .

# مرۆڤ بوون لە دەرکەوتەکەیدایە

## د. کوردستان محەمەد ئازاد
## پرۆفیسۆری یاریدەدەر
## دکتۆرا لە ڕێگاکانی وانەوتنەوە



مرۆڤ بوون چەمکێکی قووڵ و فرە ڕەهەندە کەپێک دیت لە بوونەوەرێکی خاوەن هۆش و بیر ، هەست و سۆز تەنها بوونێکی بایۆلۆژییە نییە، بەڵکو کۆمەڵێک بەها و پرەنسیپە کە پێویستە لە ژیانی ڕۆژانەدا پەیڕەو بکرێن بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی باشتر.
مرۆڤ بوون تەنها بە جەستە و شێوە نییە، بەڵکو لە ڕەفتار و هەڵسوکەوت و کردەوەکانی مرۆڤدا دەردەکەوێت. مرۆڤ بوون پێویستی بە ڕەفتاری پەسەند و بەها بەرزەکانە کە لە کردارەکان و ڕفتارەکانیدا خۆی دەردەخات. زۆر جار کەسانێک دەبینین کە ڕوخسارێکی جوانیان هەیە، بەڵام لە ناخیاندا هیچ جوانییەک نییە. هەروەها کەسانێکیش هەن کە ڕەنگە ڕوخساریان ئەوەندە سەرنجڕاکێش نەبێت، بەڵام کردار و ڕەفتاریان وەک ئاوێنەیەکی ڕوون و پاکە.
مرۆڤ بوون لە خزمەتکردنی خەڵک و کۆمەڵگادا دەردەکەوێت. ئەو کەسەی کە هەمیشە ئامادەیە یارمەتی خەڵکی بدات و دەستی خێر و چاکەی بۆ هەموو کەسێک درێژ بکات، ئەوە ڕاستەقینەی مرۆڤ بوونە. هەروەها مرۆڤ بوون لە ڕێزگرتن لە بەرامبەر و قبوڵکردنی جیاوازییەکان و لێبوردەیی دەردەکەوێت.
ڕاستگۆیی، دڵسۆزی، ئەمانەت، خۆشەویستی و خۆبەخشین، هەموو ئەمانە نیشانەی مرۆڤ بوونن. ئەو کەسەی کە هەوڵ دەدات ئازار بە کەس نەگەیەنێت و هەمیشە خێرخوازە و بەخشندەیە، ئەوە مرۆڤێکی ڕاستەقینەیە. مرۆڤ بوون لە کاتی تەنگانە و سەختیدا زیاتر دەردەکەوێت، کاتێک کەسێک بێ چاوەڕوانی پاداشت یارمەتی کەسانی تر دەدات.
هەروەها مرۆڤ بوون لە هەڵسوکەوتمان لەگەڵ سروشت و ژینگەدا دەردەکەوێت. مرۆڤی ڕاستەقینە ڕێز لە سروشت و ژینگە دەگرێت و هەوڵ دەدات پارێزگاری لێ بکات. مرۆڤ بوون لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و خێزانییەکاندا دەردەکەوێت، لە چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ دایک و باوک، هاوسەر، منداڵ و کەسانی دەوروبەر.
مرۆڤ بوون لە توانای لێبوردن و چاکەکردندا دەردەکەوێت. ئەو کەسەی کە دەتوانێت لە کاتی هەڵەی بەرامبەردا لێی ببورێت و تۆڵە نەکاتەوە، ئەوە نیشانەی مرۆڤایەتی و گەورەیی کەسایەتییە. هەروەها مرۆڤ بوون لە ڕێزگرتن لە یاسا و سیستەمی کۆمەڵگادا دەردەکەوێت.
بۆیە پێویستە هەمووومان هەوڵ بدەین لە کردەوە و ڕەفتارەکانماندا مرۆڤایەتی و بەها بەرزەکان بەرجەستە بکەین. پێویستە منداڵەکانمان فێری ئەم بەها بەرزانە بکەین و لە کردەوەدا پیشانیان بدەین. مرۆڤ بوون هونەرێکە کە پێویستی بە ڕاهێنان و پراکتیزەکردنی بەردەوام هەیە.
لە کۆتاییدا، مرۆڤ بوون بەرپرسیارێتییەکی گەورەیە کە هەموومان دەبێت هەڵیبگرین و هەوڵ بدەین باشترین نموونە بین بۆ نەوەکانی داهاتوو. بە کردەوە و ڕەفتاری جوان دەتوانین جیهانێکی باشتر و جوانتر دروست بکەین بۆ هەموو مرۆڤایەتی.



# حەزکردن لە شتی بێ بایەخ: شیکاریەکی فەلسەفی بۆ دوورکەوتنەوە لە جددی بوون

## بەهمەن جەبار

لەم سەردەمی زانیاریە زۆر و ئاسانی دەستراگەیشتنە پێیان، موفارەقەیەک هەیە ئەویش ئەوەیە کە زۆر کەس سەرنجیان بەرەو بابەتگەلێکی بێ بایەخ هەیە وەک لەوەی سەرقاڵی بابەتە جددی و کاریگەرەکان بن. ئەم دیاردەیە پرسێکی هاوچەرخ نییە، بەڵکو پەیوەندی بە سروشتی مرۆڤەوە هەیە و بە درێژایی مێژوو لەلایەن هەندێک لە فەیلەسوفە گەورەکانەوە چاودێری و ڕەخنەی لێ گیراوە، لەوانە ئەفلاتون و نیچە و کانت.

تێگەیشتن لەم پەسەندکردنە بۆ بێ بایەخی بەسەر ئەو بابەتانەی کە جددین، دەتوانێت تێڕوانینێکی قووڵ بۆ بارودۆخی مرۆڤ و ئەو داینامیکی کۆمەڵایەتییە دابین بکات کە هۆشیاری بەکۆمەڵمان لە قاڵب دەدات.

ئاسوودەیی بوون بە بابەتگەلی ئاشنا و سەرگەرمیەکان:

چیرۆکی ئەشکەوتی ئەفلاتون ئەوە نیشان دەدات کە چۆن تاکەکان زۆرجار لەگەڵ سێبەر و وەهمەکاندا نەک ڕووبەڕووبوونەوەی واقیعی سەختی دەرەوەی ئەشکەوتەکە ئاسوودەترن. ئەم چیرۆکە ئەوە دەردەخات کە بۆچی خەڵک بابەتگەلێکی بێ بایەخیان پێ باشترە لە شتە جددی و چارەنوسسازەکان. بابەتگەلێکی بێ بایەخ، وەک قسە و باسی کەسایەتییە ناودارەکان، ڤیدیۆی زۆر بینراو و ڕەوتی سۆشیال میدیا، جۆرێک لە کات بەسەربردن و سەرقاڵکردن پێشکەش دەکەن کە پێویستی بە هەوڵی فیکری و بیرکردنەوەی کەم هەیە و دەربازبوونێکی کاتی لە ئاڵۆزییەکان و تەحەددیاتی ژیان دابین دەکەن، هەروەک چۆن سێبەرەکانی سەر دیواری ئەشکەوتەکەی ئەفلاتون وەهمێکی بۆ زیندانییەکانی ناوی دابین دەکرد.

جگە لەوەش، بەشداریکردن لە شتە بچووکەکاندا چێژێکی خێرات پێدەبەخشێت. لە جیهانێکدا کە ماوەی سەرنجدان کەم دەبێتەوە، ئەو دڵخۆشی و خێرایەی کە لە ناوەڕۆکی سەرگەرمی وشتگەلی ناگرنگەوە بەدەست دێن زۆر سەرنجڕاکێشن. فەیلەسوفی ئەڵمانی ئیمانوێل کانت پێیوایە ئەم ڕەفتارە لەگەڵ بەدواداچوون بۆ چێژدا یەکدەگرێتەوە نەک ئەرک. بەپێی تیۆری ئەخلاقی کانت، زۆرجار تاکەکان هەوڵ دەدەن بەپێی جەبرە پۆلێنییەکان (categorical imperative) مامەڵە بکەن- بنەماگەلێک کە دەبێت پەیڕەوی لێبکرێت بەبێ گوێدانە ئارەزووەکان- ئەمەش کاتێک بەدیلەکە تێرکردنی دەستبەجێی زیاتر دابین دەکات.

ترس لە شتگەلی مەزن و نارەحەتی:

فریدریک نیچە دیدگایەکی جیاواز بەڵام تەواوکەر لەم بارەیەوە دەخاتەڕوو، باس لەوە دەکات کە مرۆڤ خۆی لە بابەتی جددی بەدوور دەگرێت، چونکە زۆرجار ئەم بابەتانە پێویستیان بە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستییە نائارامەکان و بڕیاردانی قورس هەیە. چەمکی "ئیرادەی دەسەڵات" (will to power) ی نیچە، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە تاکەکان بە ئارەزووی سەپاندنی واقیعی خۆیان و دوورکەوتنەوە لە هەر شتێک کە هەڕەشە لە هەستی کۆنترۆڵکردن و تێگەیشتنیان بکات، پاڵدەنرێن. بابەتگەلێکی جددی، وەک گوتاری سیاسی، دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پرسیارە بوونگەراییەکان، تەحەدای پێشبینییە پێشوەختەکان دەکەن و هەڵسەنگاندن بۆ بیروباوەڕ و بەهاکان دەکەن. ئەمەش بۆ خۆی پرۆسەیەکی ترسناک و ناسەقامگیر لەڕووی هەستیەوە بۆ خەڵک دروست دەکات.

بۆیە نیچە بە دەڵێت: "مرۆڤ دڕندەترین ئاژەڵە،" وەک ئاماژەیەک بەوەی زۆرجار مرۆڤەکان بە دوورکەوتنەوە لە بیرکردنەوەیەکی قووڵ و تێوەگلانی ڕاستەقینە لەگەڵ پرسیارە بنەڕەتییەکانی ژیاندا دەبنە هۆی ئازاردانی خۆیان. ئەم خۆپاراستنە دەتوانێت ببێتە هۆی بوونێکی ڕووکەش کە بەدواداچوون بۆ بابەتە بێ بایەخەکان سێبەری گەڕان بەدوای زانینی مانادار و خۆ باشترکردندا دادەنێت.

پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی وەک فلتەر:

فاکتەری گرنگی دیکەی پەسەندکردنی بێ بایەخی، ڕۆڵی پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانە. لە کۆمەڵگە جەمسەگیریەکانی ئەمڕۆماندا، تاکەکان زۆرجار خۆیان لەگەڵ ئەو گروپانەدا ڕێکدەخەن کە تێڕوانین و بەهایەکی هاوشێوەیان هەیە.


ئەم ڕێکخستنە دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی کە تەنها هەندێک بابەت باس بکرێن و بۆچوونە دژ بەیەکەکان و جیاوازەکان گوێ لێنەگیرێن و بێبایەخ بکرێن. بەشداریکردن لە بابەتگەلێکی بێ بایەخدا لێرەدا ناسنامەی بەکۆمەڵ بەهێز دەکات و هەستکردن بە سەربەخۆیی دەرەخسێنێت بەبێ ئەوەی تەحەدای دۆخی ئێستا بکەیت.

ئەفلاتون لە کتێبی (کۆمار)دا باس لە چەمکی "درۆی شەریفانە" (noble lie) دەکات- درۆیەک کە لەلایەن نوخبەیەکەوە بەرەوپێش دەچێت بۆ پاراستنی هاوسەنگی کۆمەڵایەتی یان پێشخستنی ئەجێندایەکی دیاریکراو. بە زاراوەی هاوچەرخ، ئەمە لە چۆنیەتی بەرەوپێشبردنی هەندێک گێڕانەوەی میدیا و قەوارە سیاسییەکان دەبینرێت و لە هەمان کاتدا خەڵک بە بابەتگەلێکی بێ بایەخ سەرقاڵ دەکەن. بە هێشتنەوەی سەرنجی خەڵک لەسەر بابەتە ناگرنگەکان، ئەوانەی لە دەسەڵاتدان دەتوانن خۆیان لە بەدواداچوون بەدوور بگرن و کۆنترۆڵی بارودۆخەکە بکەن و بهێڵنەوە.

پێشکەوتن: پێویستیەکی فەلسەفی:

لە کاتێکدا لە جیهانی ئەمڕۆدا بێ بایەخی سەرنجڕاکێش و بەهێزە، بەڵام فێرکاری و نوسینی فەیلەسوفە گەورەکانی وەک ئەفلاتون و نیچە و کانت هانمان دەدەن بەدوای ڕاستییە باڵاکاندا بگەڕێین و لەگەڵ لایەنە قووڵەکانی بووندا خەریک بین. ئەفلاتونی پاشای فەیلەسوفان سەرکردەیەکی نمونەییە کە بەدوای حیکمەت و ڕاستیدا دەگەڕێت و خەڵکی لە ئەشکەوتی نەزانی ڕێنمایی دەکات و دەردەهێنێت. چەمکی "سوپەرمان"ی نیچە هانی تاکەکان دەدات بۆ تێپەڕاندنی سنوورەکانی خۆیان و دروستکردنی بەهاکانی خۆیان. ئەخلاقی کانت جەخت لەسەر گرنگی مامەڵەکردن دەکات بەگوێرەی بنەما گەردوونییەکان، تەنانەت کاتێک کە ئەنجامدانی ئەو کارە قورسیش بێت.

بۆیە، بۆ ئەوەی وەک تاک و وەک کۆمەڵگا پێشکەوتن بەدەست بهێنین، پێویستە گیانێک بچێنین بۆ بەشداریکردن لەگەڵ بابەتگەلە جددیەکان، تەنانەت کاتێک کە نارەحەت و سەختیش بن. ئەمەش پێویستی بە پابەندبوون بە گەشەکردنی فیکری و بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە و بەرپرسیارێتی ئەخلاقی هەیە. هەروەها ناسینەوە و تێپەڕین لەو سەرقاڵکردن و ئاسوودەییانەی کە دەتوانن ڕێگری لە پێشکەوتنەکانمان بکەن، لەخۆدەگرێت.



# زڕە خەونێک

نەکەی بڕۆی
لەبیرتبێت
بۆ بیرۆونی کەنارەکانی تەمەنم
بۆ ڕەوانم
تۆ وردە شەپۆلەکانی
نەکەی بڕۆی
گەڵارێزانی ڕۆحی من زەوی بگرێ و
بیشێلیت و پێنەزانی
ئەگەر بڕۆی
نەک هەر دڵم
پەردەی پێڵووم ئەکەیت بەڕەش
چرای چاوانیشم ئەبەی
نەکەی بڕۆی
تکا ئەکەم
لەبارانی پڕ ئەوینم خۆت لانەدەی
قەت وانەکەی
توخوا مەڕۆ
هێشتا لەژێر
سێبەری ئەگریجەی ڕەشت دانەنیشتووم
هێشتا باڵی
بولبولی دڵ هەڵوەدایە و
لەسەر چڵی پەنجەکانت هەڵنەنیشتووم
خۆ بڕیاربوو
تاکە خەندەی سەرلێوانم نەسڕیتەوە
لەم دۆزەخەم دەرباز بکەیت
بەدڵنەوایی و میهری خۆت
هەموو تەمەنی بێتۆییم بکڕیتەوە
هێشتا گوڵێکی بەهارم بۆ نەچنیوی
بەدڵی خۆم نازی دڵم نەکێشاوی
دڵم لەناو سنگی تۆدا بەردەوامە
بۆدیدارت هەڵوەدامە
ئەگەر ئەم شیعرەت خوێندەوە و
بەردەوام بووی
بزانە دوا دەنگی منە
دوا هەناسەی گیانبەخشینە و
لەدادگەی دادپەروەریدا
تاوانی مەرگی ناواندەت لەگەردنە

کاوەی شخ سلام



# ئەوە منم لەخۆم ونم
# ئەوە منم خۆم لێ ونە

## ستار محەمەد



کاتێ دەچمە شەعب و مچکۆ
وام لە بازاڕی عوکازاو
چاو بۆ هاوڕوحێک ئەگێڕم
ئەمێستاکەش
ئەڵێی پیرێکی موغانی*
زەین ڕوونی دیدەکوێرم !
وا بە دیواری کەعبەوە
قەسیدەی ئیمروئەلقەیس
لەبەر چاوما هەڵواسراوە
بە ڕێنوسی قورەیشیەکان
لێی نوسراوە
ناتوانم خۆی لێ ببوێرم
دەڵێ هەر خۆم کەڵەشێرم
شەپۆلی شەو ڕادەماڵم
بانگی سەحەر ڕادەدێرم
* موغان : پیرو زاهیدی زەردەشتی

# تـوانەوە لە تۆدا


## هێدی گەلاڵی



باوەشێک لە سۆزی خۆشەویستیم
بۆ بکەوە با جەستەم ئارام بێتەوە
هاژەیەک لە تاڤگەی فرمێسکت
بخەرە سەر ئینجانەی دڵم با دامرکێمەوە
نامەوێ ببیە فریادرەس لە خنکانم!
با لە دەریای چاوەکانتا بخنکێم .
نامەوێ بە هانام بێیت لە سوتانم!
گەرەکمە لە هاڵاوی دەرونتا بسوتێم!
لە ناخەوە...
حەزدەکەم وەک شێرە بەفرینە
لە بناری کێوی باڵاتا بتوێمەوە
وەک گەڵا وەریوەکانی پایز
گەڵا گەڵا وشک سیس ببمەوە
لە نسێی درەختی پەرچەمتا
دەمەوێ بحەسێمەوە.

# داڕووخان

## ستار ئەحمەد



هێندە تەنهاو پەرێشانم
لەژیانما
خەو نەبووە بەمیوانم
ئەوەی هاودەمی تەمەنمە
تەنها نامۆیی و هەڵبەستە
هەمیشە خۆم دەخۆمەوە
ڕۆحی زامم لەنێو دەستە
پێنووس دەنووک
دەخاتە خوێنی ئاڵمەوە
پەڕە دەنوێ لەپاڵمەوە
نووچدان
توند بەرۆکم دەگرێ
پەنجەکانم زۆر ئالوودەن
بۆ ڕامووسانی ئاگرێ
خەون دێتە لام
وەک کۆتری لانە ڕووخاو
لەدەرووی شەوێک دەگەڕێم
بێداری ڕەدووم دەکەوێ
دەیەوێ ببێت بەهاوڕێم
هەرچی لەچوار چێوەمدایە
چوون چرنووکی ڕەشەبایە
لانەم پەرتەوازە دەکەن
بەدەم توێشووی زریانەوە
پەڕو باڵم لێک دەئاڵێن
دەمێک لەکەنار دەکەوم
ساتێک بیرەوەری شەوم
لەوەتەی خۆمم ناسیوە
تاریکی ژینم دەنووسێ
شەستەی باران دەیسڕێتەوە
سەرینێک دڵم ناداتێ
لەرایەخی شەوانەدا
هەرگیز جێگەم نابێتەوە
نوێن چەمۆڵەم لێدەنێ
پۆشاک لەجەستەم دەترسێ
ژوورێکی چۆڵ
بۆ پێشوازیم هەڵدەئاوسێ
هەوارگەم بەدەم ژانەوە
لەچێژ ڕووتم دەکاتەوە
زێدم گۆڕێکی تاریکە
خەوی شەوو
شیعری ئاڵم دەباتەوە

# ڕەوتێک بۆ گۆڕین

ئەحمەد حەمەساڵح



وەک زانراوە، نوێبونەوە و گۆڕانکاری و بەهێزبونی پێگە سیاسی، ئابوری،کارگێڕی، ڕۆشنبیری وکۆمەڵایەتەکانی هەر نەوەیەک بە دە ساڵ ئەژمار دەکرێت، کە لەو تێڕوانینەوە شرۆڤەی ڕەوشی هەرێم دەکەین، هەمووان لە دەوری ئەو ڕاستییە کۆدەبینەوە، کە چەند دەیەیە، ئێمە لە بازنەکانی یەکتر قبوڵنەکردن، قۆرخکاری، تاڵانکاری و چەواشەکاریەکاندا، دەخولێینەوە وکەوتوینەتە نێو بەرداشەکانی دەمارگیری، خێڵگەرایی، زاڵخوازێتی، تا لەدرۆسازی پۆپۆلیستەکان و دزەکانی داهات ودەنگ و ئیرادەوە بازنەکانی نارونی، نائارامی و ناتەبایی فراوانتربون و بەردەوام لاپەڕەیەکی نوێ لە مێژوی نائومێدی نیشتیمانی تۆمارکراوەو دەکرێت، لەم ڕەوشە نارۆشن و بەردەوامی خولانەوە لەنێوبازنە داخراوەکاندا، بەپێوسیتم زانی بۆچوون و پەیامێک لە پێناو ئایندەیەکی نیشتیمانیدا بدەم بە گوێی کۆی تاک و گروپە نیشتیمانی وئاشتی خوازەکان، تا پەنجەرەی ڕوانینەکان فراوان بکەین ودەرگای کاری پێکەوەیی بکەنەوە و پێناسەیەکی بە کردار بۆ کۆی چەمکەکانی نیشتیمانیبون، هاوڵاتیبون، دیموکراتی، یاسا، ئاشتی، ئازادی و دادوەرێتی بهێنینە کایەوە.

ئەو ڕاستیەش سەلمێنراوە کە بارودۆخە سیاسی، کۆمەڵایەتی، ئابوری و کارگێڕیەکان ئاسان ناگۆڕێن، بەڵکو لە ژێر کاریگەری دەرەکی و ناوخۆیدا گۆڕانکاری دێتە کایەوە، کۆی هێزە مرۆییەکان، یاسایی و سیاسیەکان، سەربازی و مەدەنییەکان، تا کۆی پێکە وپایەکۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان، کە بیانەوێ چینایەتی و پاشکەوتووی بگۆڕن بە کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو، ئەوا پێویستە بەرژەوەندی هاوڵاتیبوون وهاونیشتیمانیبون مایەی خەباتی بێوچانی مرۆڤە هۆشیار و ڕۆشنبیرەکان بێت، تا نیشتیمانی بەجێماو لە کاروانی پێشکەوتندا بگۆڕن بە نیشتیمانێکی ئازاد و ئاوەدان و ئەمەش کاری کۆی هێزە مەدەنیەکان و خوازیارانی کۆڕانگاری وچاکەخواز و ئاشتی خوازەکانە، ڕاشکاوانە بڵێین پێویستە بەرەی نیشتیمانی و دیموکراتیخوازانی ڕاستەقینە، لە بەرامبەر بەرەی تاقمگەراییە نانیشتیمانیەکان، بوێرانە و ڕاستگۆیانە بێنە مەیدانی کاروخەباتەوە، وبەردەوام کار بۆ فراوانکردنی بەرەی نیشتیمانی بکرێ، بەرەی نیشتیمانی مەبەست تەواوی ئەوانەیە، کە لە بازنەی هاوڵاتیبوون و هاونیشتیمانیبوندا دژی ئەم شێوازە حکومەتدارییە بازرگانیە، قۆرخکارییە، خۆشێنە، تاڵانکارییەن، هەموو دژەکان بەیەکەوە کۆی هێزن، هێز کۆی توانا مرۆییەکانە،کە بە هێزی نەرم ناو دەبرێت، پێویستە کۆی هێزەکانیش بە تێڕوانین وئایدیا جیاوازەکانیانەوە، هێزی نیشتیمانی ڕاستەقینەبن، نەک وەک ئەم هەموو حیزب و تاقمانەی لە مەڕ ئێمە، کە زۆرینەیەکی نزیک بە هەمووانیان مشەخۆرانە بەدوای دەستکەوتی کەسی و حیزبییەوەن.

ئاشکرایە لە نیوەی دوەمی سەدەی بیستەمەوە هەتا ئیمڕۆ هەموو لایەنە سیاسیەکان بە کۆن و نوێیانەوە، بەناو هەڵگری دروشمەکانی ئازادی، دیموکراتی، نیشتیمانی و کوردایەتیەوەن، هەر بۆیە تاکەکانی گەلە پەژموردەکەمان لەم نیشتیمانە کەرت و هەرێمە پەرتدا هەر لە تونێلە تاریکەکانی چاوەڕوانیدا ماونەتەوە، ڕاستە فاکتەرە دەرەکی و ناوخۆییەکان کاریگەریان هەیە،

بەڵام لێرە ڕووی قسەمان زیاتر لەسەر فاکتەرە ناو خۆییەکانە، چونکە لەو بڕوایەداین ئەگەر فاکتەرە ناوخۆییەکان لە باربن ئەتوانێ کاریگەری لەسەر فاکتەرە دەرەکیەکان بکات، باشبونی ناوخۆمان بە بوغز و ڕق وقین نابێت، ئەمە نەخۆشییە هاوبەشەکەی کۆی لایەنەکانە، هەر بۆیە بەدڵنیاییەوە دەڵێم بۆ ڕاستبوونەوە و چاکبوونەوە، لە بری بەردەوامی کۆی بەرنامە تەقلیدی و سواوەکان، پێویستمان بەهێنانەکایەی بەرنامەی جێگرەوەی نوێیە، ئەمەش کەگۆڕینی بنجینەییە، ئاواتە نیشتیمانیەکان و کۆمەڵایەتیەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە، ئەمە لە هزری گۆڕینەوە گۆڕینی جۆری ژیان، پەروەردە، سیستەمی بەڕێوەبردن و گەشەو بنیاتنانە.

لێرەدا قسە لەسەر پێکهێنانی بەرەیەکی حیزبی ناکەین، چونکە لە کوردستاندا حیزب وەک دێوەزمە ( کابووس) وێناکراوە و کراوەتە ماڵی یەکەمی قۆرخکاران و بازرگان و بنەماڵە دەستڕۆیشتوەکان، بەرەیەکی حیزبیش وەک لە مێژوی کۆن و نوێمان تۆمارکراوە لە دەرەوەی پێوەرە یاسایی و نیشتیمانیەکان دیوەخان ئاسا ڕەفتاریان کردوە، کەحیزب وبەرەیەکی حیزبی و هاوپەیمانیەتی و هاوئایدیاکانیش، نەبوون و نەشبنە سایە و سێبەرێک بۆ گەل و نیشتیمان، ئەوە نەیانتوانیوە و ناشتوانن، خۆشگوزەرانی نەتەوەیی فەراهەم بکەن.

ئیتر پێویستە لە پێناو کۆڕانگاریدا، شرۆڤەی بزوتنەوەی جەماوەری یان ڕەوتێکی گۆڕین یان بەرەیەکی فراوانی نیشتیمانیانەی مەدەنیانە بکەین، کە پێچەوانەی حیزب و بەرەیەکی حیزبی بێت، ئیمڕۆی کوردستان پێویستی بە بوون و کاراکردنی ڕەوتێکی کراوەی سەربەخۆیە کە کۆی ئاشتی خوازان و پێشکەوتن خوازە نیشتیمانییەکان لە خۆ بگرێت، بزوتنەوەیەکی کراوە و ڕێبازێکی فراوان و یەکگرتنێکی ئارەزومەندانە، کە وەک تیمێکی یەکگرتوی نیشتیمانی و لایەنگری زانستیانە و سەردەمیانەی کار بەیەکەوە کاربکەن، بەکورتی ئیمڕۆ کوردستان پێویستی بە ڕەوتێکە، کە هەوڵبدات بۆ گۆڕین لەم بارودۆخە چەقبەستووە تەنراوە بە بیری خێڵگەرایی، تەقمگەرایی و قۆرخکاری، بۆ بارودۆخێک کە بە کردار چەمکی هاوڵاتیبوون، تیایدا فەراهەم بکرێت، کۆی لایەنە ناڕازیەکانی ئیمڕۆ، ئەگەر بیانەوێ و ڕاستگۆبن لەگەڵ ئازاری نیشتیمان و پەیامی مرۆڤ دۆستیدا، ئەوە لە پێناو دەربازبوون لەم چەقبەستوویی و پاشەکشییە، ئەتوانن ببنە دەستپێک بۆ دامەزراندنی ئەو ڕەوت و بەرە نوێیە، لەم ڕێگەیەوە ئەتوانرێ بە تۆکمەیی و بەهێزی زیاترەوە ڕوبەڕوی هەرەسی ئیرادە و شکاندنی شکۆی تاک و ئاشبەتاڵی نیشتیمانی ببینەوە.

دیسانەوە دەڵێم ئەگەر تەواوی دەنگە ڕۆشنبیرە ناڕازیە نیشتیمانیەکان بیانەوێ و ڕاستگۆبن، بە پشتکردنە ئەم دەسەڵات شکێنەری شکۆی خاک و خەڵک، ئەتوانن لە ژێر چەتری بەرژەوەندی گشتیدا، لە ڕەوتێکی گۆڕیندا ببنە دەستپێک بۆ گەڕانەوەی ئومێدە نیشتیمانیەکان، لێرە بەدوای پێویستیەکی ئەخلاقی سیاسیە، کە کۆی لایەنەکان و ڕۆشنبیران و کەسایەتیە نیشتیمانییەکان، بەرەی خوازیارانی گۆڕینی ڕاستەقینە ڕابگەیەنن، بە بۆچوونی من لەم ڕێگەیەوە ئەتوانرێ بەرامبەر هەردوو لایەنی دەسەڵاتداری زۆنەکان،و خۆشێن و شاکردو دوکانە سیاسیەکان بوەستنەوە و ببە هێزێکی کارا لە ململانێی وەرگرتنی دەسەڵاتدا.

دوا وتە کە وەک تێبینیەکە، لەگەڵ پەیدابونی لایەنگری بۆ ئەم نوسینە پێشنیار ئاساییە، کە شەقامی نیشتیمان دەیخوازێ، ئەوا با بە هەموان لە تەوەرە جیاجیاکاندا ئەم بۆچون و پەیامە دەوڵەمەند بکەین، تا بەرەی گۆڕین لە پێناو نیشتیماندا فراوان بێ و بتوانێ لە بەرامبەر بەرەی دەسەڵات و بازرگانە سیاسیەکان و سیاسەتبازەکان وحیزبە تەقلیدیەکاندا بوەستێتەوە،



# بەیادی جاران
## عەلی محەمەد چوارتایی



تەنها بەمەبەستی ئەرشیفە،
وەرزەکان وساڵەکان دێن ودەڕۆن، هاوین،پایز وزستانیش لەکات وساتی خۆیدا،دێن دەڕۆن.هەریەکەیان بەجۆرێک کۆمەڵێک یادگاری بۆ خاک ومرۆڤ سرووشت جێ دەهێڵێ،یادەکان جۆراو جۆرن.تاڵ وشیرنی هەمیشە بەشێکن لەمێژووی ساڵەکان.و.وەرزەکان،ئەوەی تاسەر مرۆڤ وخاک سرووشت وەک خۆی بەنەمری دەهێڵێتەوە وێنەیە!
چاوی کامیرا،ڕابردوو بەئایندە دەناسێنێ،مرۆڤ سرووشت چۆنە ئاو لەئامێزی خۆیدا حەشاری دەیاو ناهێڵێ گەرمی هاوین وتۆفان گەردەلوولی زستانە سەختەکان لەناویان بەرێ!
مرۆڤ دەڕوا دەمرێ ولەبیر دەچێتەوە،بەڵام چاوی کامێرا لەمردن بەهێزترە،جەستەو ڕۆحەکان وەک خۆی دەهێڵێتەوە،دەیناسێنێتەوە بەئایندە!
کوڕەداوێ گوندە جوان ونازدارەکەی شارباژێڕ،مەملەکەتی عیشق وجوانی،مەملەکەتی کلوی بەفری سپی،مەملەکەتی دڵۆپە بارانە یاقووتیەکانی زێدی زێڕین،مەملەکەتی میوانداری وپێشوازی گەرمی شاهانە لەمرۆڤە غەریب ونامۆکانی ڕۆژە تووش وناخۆشەکانی سەردەمی بێکەسی،
ئەم گوندە ڕازاوەیە، مەملەکەتی پیاوە جوان ومەردەکانی شەوە تووش وڕۆژگارە سەختەکانی شارباژێڕ لەشۆڕشی نوێدا،شوێنی پشوودان و حەوانەوەی پێشمەرگەکانی تیپی37شارباژێڕ بووە،بارەگای تیپی37 هەندێک لەکەرتەکانی ئەوتیپە لەم گوندە جوانەدابوون،ئەم وێنە جوانە لەناو بارەگاکەی تیپی 37 گیراوە.کەبارەگاکە لەناو باخێکی جوان وڕازاوەدابوو!
مانگی (7) ساڵی(1983)
کوڕەداوێ!
ڕاوەستاوەکان لەڕاستەوە
1شەهید فایق ئاڵاکی لەمانگی11ساڵی1987شەهید بوو.لەشاخی زینووی سپی.لای زەروون جێگری کەرتی یەک بووە!
2نەوزاد کورەداوێی.ئەوکات جێگری کەرتی( دوو) بووە
3ئاوات واژەی.ئەوکات پێشمەرگەی کەرتی (تیپ) بووە
4مام خدر شاناخسێی،ئەوکات پێشمەرگەی کەرتی (تیپ) بووە
5شەهید عوسمان ماوەتی لەمانگی(12)ساڵی1984لەبەندەنی واژە لەگەڵ( 6 )هاوڕیدا شەهید بوون.فەرماندەی کەرتی (یەکی)تیپی37شارباژێڕ بووە.
6شێخ عومەر.ئەوکات پێشمەرکەی کەرتی (یەک) بووە
7خواڵێ خۆش بوو عومەر قشڵاخی..ئەوکات پێشمەرگەی کەرتی( تیپ) بووە
8خواڵێ خۆش بوو ملازم سابیر.ئەوکات پێشمەرگەی کەرتی( یەک) بووە
دانیشتووەکان لەڕاستەوە.
1شوانە دێگەڵی.ئەوکات پێشمەرگەی کەرتی تیپ بووە
2شەهید جەلال شارەزووی کادری کۆمەڵە بووە لەمانگی(4)ساڵی1987لەشاناخسێ لەگەڵ شەهید عەزیز کەناروێی،بەبۆمبارانی فڕۆکە شەهید بوون.
4 مامە عەبە چۆڕکی.ئەوکات پێشمەرگەی کەرتی( یەک) بووەڕۆحی نەمران شاد بێ.تەمەن درێژی وژیانێکی خۆش بۆ ئەو بەڕێزانەی تر..
تەنها بەمەبەستی ئەرشیفی تیپی37شارباژێڕە..لەگەڵ ڕێزدا




## زمانی دایکی

ئەو زمانە یان ئەو زمانانەی کە منداڵ لەگەڵ پێگەیشتن فێری دەبێت

زمانی دایکی، زمانی یەکەم یان زمانی دایک (بە L1ناسراوە)، ئەو زمانەیە کە مرۆڤ لە لەدایکبوونەوە یان لە ماوەی گرینگی مناڵیدا (٢ تا ١٢ ساڵی) مامەڵەی لەگەڵ کردووە. لە هەندێک وڵاتدا دەستەواژەی زمانی دایک ئاماژەیە بۆ زمانی ئیتنیکی ئەو مرۆڤەیە نەک زمانی یەکەمی (واتە ئەو زمانەی پێی گەورە بووە). هەندێک جار زاراوەی " زمانی دایک " بەکاردێت، یان ئەو زمانەی کە مرۆڤ لە منداڵیدا فێری بووە (بەزۆری لە دایک و باوکییەوە). ئەو منداڵانەی لە ماڵە دوو زمانەکاندا گەورە دەبن، بەپێی ئەم پێناسەیە دەتوانن زیاتر لە زمانی دایک یان زمانی زگماکییان هەبێت. زمانی یەکەمی منداڵ بەشێکە لە ناسنامەی کەسی و کۆمەڵایەتی و کولتووری ئەو منداڵە.[١] کاریگەرییەکی دیکەی زمانی یەکەم ئەوەیە کە ڕەنگدانەوە و فێربوونی نەخشە کۆمەڵایەتییە سەرکەوتووەکان دەهێنێتە ناو نواندن و قسەکردنەوە.[٢] هەروەها بە پلەی یەکەم بەرپرسیارە لە جیاکردنەوەی لێهاتوویی زمانەوانی لە نوێنەرایەتیدا. لەکاتێکدا هەندێک دەڵێن شتێک نییە بە ناوی «قسەکەری ڕەسەن»یان «قسەکەری زگماکی»، گرنگە لە زاراوەی بنەڕەتی تێبگەین و تێبگەین کە قسەکەرێکی «ناڕەسەن» بوون واتای چییە، و کاریگەرییەکانی دەتوانێت لەسەر ژیانی مرۆڤ هەبێت. توێژینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە لەکاتێکدا کەسێک کە قسەکەرێکی زمانی دایک نییە، ڕەنگە دوای نزیکەی دوو ساڵ لە نوقمبوون، پەرە بە ڕەواندنەوە لە زمانێکی ئامانجدا بدات، بەڵام دەتوانێت لەنێوان پێنج بۆ حەوت ساڵدا بخایەنێت تا ئەو منداڵە لە هەمان ئاستی کارکردندا بێت وەک هاوتاکانیان کە بە زمانی دایک قسە دەکەن. لە ١٧ی تشرینی دووەمی ١٩٩٩، یوونێسکۆ ٢١ی شوباتی وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایک دەستنیشان کرد.
پەیکەرێک بۆ یادکردنەوەی زمانی دایک لە شاری نەخچیڤان، ئازەربایجان



ویکیپیدیا

# ڕۆژی جیهانی زمانی دایك

## ماڵپەڕی سپی میدیا

٢١ی شوباتی هەموو ساڵێک لەلایەن ڕێکخراوی کلتووریی نەتەوە یەکگرتووەکان "یونسکۆ"وە بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک دەستنیشانکراوە، سەرەڕای یادکردنەوەی ئەو ڕۆژەش لە کوردستان، بەڵام تا ئێستا کورد زمانی ستاندار و یەکگرتووی نیە.
مێژووی ئەم ڕۆژە دەگەڕێتەوە بۆ ڕۆژی ٢١ی مانگی شوباتی ساڵی ١٩٥٢، کاتێک پۆلیسی پاکستان بە فەرمانی دەوڵەت تەقەی لە ژمارەیەک خوێندکاری زانکۆی بە ڕەگەز بەنگلادیشی کرد، کە مانگرتنیان بۆ بەکارهێنانی زمانی بەنگالی لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی پاکستاندا ڕاگەیاندبوو، لە ئەنجامدا چەندین خوێندکار گیانیان لەدەستدا.
دوای ئەو ڕووداوە و لە ساڵی ١٩٩٩ بە ئامانجی ڕێزگرتن و بەهابەخشین بە زمانەکانی سەرجەم نەتەوەکانی جیهان، ڕێکخراوی کلتووریی نەتەوە یەکگرتووەکان 'یونسکۆ' ڕۆژی ٢١ی شوباتی هەموو ساڵێکی وەک ڕۆژی جیهانی زمانی دایک 'زگماکی' دەستنیشان کرد.
زمان بە پێناسەی هەر گەلێك یا نەتەوەیەك دادەنرێت، لە ڕێگەیەوە شوناس و کلتوور و فەرهەنگی نەتەوەکان دیاری دەکرێت، نەتەوەی کورد لە هەر چوار بەشی کوردستان بە چوار زاراوەی سەرەکی قسە دەکەن کە بریتین لە ("زاراوەی کرمانجی باکور (کرمانجی)": بایەزیدی، هەکاری، بۆتانی، شەمدینانی، بەهدینانی، زاراوەی ڕۆژئاوا، "زاراوەی کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی)": موکریانی، سۆرانی، ئەردەڵانی، سلێمانی و گەرمیانی، "زاراوەی کرمانجی خواروو (لوڕ)": لوڕی ڕەسەن، بەختیاری، مامەسەنی، کۆهگلۆ، لەک و کەلهوڕ، "زاراوەی گۆران": گۆرانی ڕەسەن، هەورامانی، باجەڵانی و زازا).
ئەگەرچی کورد خاوەنی زمانێکی ستانداردی یەکگرتوو نیە، بەڵام سەرەڕای قەدەغەکردن و نکوڵیکردن لە بەکارهێنانی زمانی کوردی لە هەندێك بەشی کوردستان، زمانی کوردی کاڵ نەبۆتەوە تا ئەم سەردەمەش پەرەی بەخۆی داوە.
لە باشوری کوردستان دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعسی عێراقی زمانی کوردی وەك زمانی دووەم لە عێراق دان پێدانراوە، بەڵام تا ئێستا لە تورکیا و ئێران سوریا زمانی کوردی دان پیدانەنراوە.




# زەینـــەب

## ن: مامۆستا ڕێزان شەریف محەمەد ( ڕاهێنەری پەروەردەیی لە وڵاتی بەریتانیا)



بـــەیانیەکی ساردی وەرزی زســـتان بوو، زەینـەب هەروەکو ڕۆژانی ئاسایی هەستا لە خەو، بەیـــانی باشی لە دایک و باوکی کرد و چووە سەر مێزی نان خواردن، تا نانی بەیانی پێکەوە بخۆن،
دوای نـان خواردن خۆی ئامادەکرد بۆ ئەوەی بچێت بۆ باخچەکەی تەنیشت ماڵی خۆیان، تا یاری لەگەڵ هاوڕێکانی بکات... ئەو ڕۆژە بـاخچەکە بـەفر داپۆشیبوو، کاتێک لە پەنجەرەی ژووری نان خواردنەوەکەیانەوە باخچەکەی بینی، ئامۆژگاریەکانی مامۆستا( بەیان) ی بە بیردا هاتەوە کە لە پۆلدا دەیگوت: وەرزی زستان وەرزێکی خۆش و گرنگ و پێویستە بۆ ئێمەی مرۆڤ و گیانەوەران، لەم وەرزەدا گەنم و جۆ و چەندین بەهەرمی تر گەشەدەکەن و دەچێنرێن، ئەم وەرزە سەرما و بەفر و بارانی تێدایە، لەبەر ئەوە پێویستە کاتێک دەچنە دەرەوە مل پێچ و کڵاو دەست کێشتان لە بیر نەچێت، تا سەرماتان نەبێت و نەخۆش نەکەون، چونکە ئەگەر نەخۆش بکەون و ئەوا لە کارەکانتان دوا دەکەون و
بۆ چەند ڕۆژێکیش ناتوانن لە سوود و زانیارییە گرنگ و جوانەکانی قوتابخانە وەربگرن، ئەرک و فێرکردنەکانیتان لەدەست دەچێت.
زەینەب بەجوانی خۆی گۆڕی و خۆی پێچایەوە، بەڕێکەوت بۆ باخچەکە،
بینی وا هاوڕێکانی شەڕە بەفر دەکەن و قاقای پێکەنینیان دێت، هەر زوو ئەویش دوای سڵاوکردن بەشداری کرد، بۆ چەندین خولەک هەموو بەخۆشی و شادییەوە تێر یارییان کرد، یەکێک لە هاوڕێکانی زەینەب ویستی قەمسەڵەکەی دابکەنێت، چونکە لەکاتی یاریدا بەهۆی جوڵە و ڕاکردنەوە گەرم بووە، زەینەب گوتی: هاوڕێکەم نابێت ئێستا قەمسەڵەکەت دابکەنی، چونکە ئەم بایە سەرمات دەکات و دواتر نەخۆش دەکەویت، هاوڕێکەی سوپاسی ئامۆژگارییەکەی کرد... پاش کەمێک، هەموویان ماڵئاواییان لە یەکتر کرد، چونەوە ماڵەوە بۆ ئەوەی زۆر لەناو بەفر و سەرماکەدا نەمێننەوە.
زەینەب گەڕایەوە ماڵەوە و بەدڵخۆشییەوە لە تیانوسی یادگاریەکانیدا ئەم ڕۆژەی تۆمارکرد و نوسییەوە، تا بۆ ڕۆژی داهاتوو بۆ مامۆستا (بەیان )ی بگێڕێتەوە.

# زمانی دایکی و گرینگییەکانی

## داوود نیرومەند

هانا ئارێنت: پێویست ناکات نەتەوەیەک لە بە شێوەی فیزیکی لە ناوی ببەی هەر ئەوەندەی کە زمانی لە بیر ببەیەوە ئەو نەتەوە لە ناو دەچێ.

زمانی دایک چییە؟

زمانی دایک ئەو زمانەیە کە لە دایک و باوک و خزمەکانمانەوە فێری دەبین. منداڵ، بەتێپەڕبوونی کات و گوێ گرتنی بەردەوام، فێری زمانی دایک دەبێ و دەست بە وتنەوەی دەکات. وردە وردە بە ڕستەی کورت دەست بە قسە کردن دەکات.لە ماوەیەکی کورتدا فێر دەبێ بە زمانی دایک هەست و ئارەزوویەکانی بە کەسانی دەورووبەر بگیەنێت. بە زمانی دایک پەیوەندی درووست دەکات، بەم زمانەوە کایە دەکات، پێدەکەنێ، دەگری، گفتگۆ و ڕاوێژ دەکات. تەنیا و تەنیا بە زمانی دایک دەتوانێ دنیای دەورووبەری خۆی بناسێ و باسی بکات.

بە قسە کردن بە زمانی دایک لە گۆشەگیری و تەنیای خۆی دەرباز دەبێ و پەیوەندی بە گرووپەوە دەکات و بە مێهرەبانی، متمانە و ئاسایشێک کە زمانی دایکی پێی بەخشیوە ژیان دەکات.

گرینگی زمانی دایک؟

زمان بەهێزترین ئامرازی پاراستن و پەرەپێدانی میراتی ماددی و مەعنەوی مرۆڤ پێناسە دەکرێ. پاراستن و گەشە پێدان و کەڵک وەرگرتن لە زمانی دایک و فێرکردن بە منداڵان و نەوەکانی داهاتوو، گەشەی فەرهەنگی نەتەوە و جیهان مسۆگەر دەکات، کەڵک وەرگرتن لە زمانی دایک لە سیستیمی پەروەردەی گشتی و ناوچەییدا بۆ پاراستن و مانەوە و پەرەپێدانی زمانی دایک وەک خاڵێکی زۆر گرینگ سەیر دەکرێ. زمان یەکەمین کەرەسەی پێشکەوتوویی پەیوەندیی مرۆڤەکانە کە ئەرکی سەرەکییەکەی پەیوەندی زارەکی و نووسراوەیی نێوان دوو یان چەند مرۆڤە. هیچ زمانێک پێویستی بە ڕەوایی گرتن لە هیچ مێتۆد و شوێن کەس و لایەنێک نییە. لە بواری زمانییەوە هەر نەتەوە و گەلێک وەک هێمای بوونی ڕەوایی ئەم نەتەوەیە سەیر دەکرێ کە ئەم زمانەی کە قسەی پێ دەکرێت لە ڕێگای زمانەوە، ئاسەواری نووسراوەیی جێماو بە درێژایی مێژوو وەک بەشێک لە میرات و سامانی فەرهەنگی مرۆڤایەتی دادەندرێت.

گرنگییەکانی خوێندن بە زمانی دایک

١-زمانی دایك شوناسێکی نەتەوەییە.

٢-یارمەتیدەرێکی باشە بۆ بنیاتنانی بیرو رۆشنبیری.

٣-هۆکارێکی سەرەکییە بۆ رەنگدانەوەو وەرگرتنی خوو رەوشتە کۆمەڵایەتیەکانی نەتەوەیەك.

٤-خوێندن بە زمانی دایکی یارمەتیدەرێکی باشە لە سەرکەوتنی منداڵ لەرووی ئەکادیمیو زانستیەوە، زانیارییەکان باشتر وەردەگرێتو دەتوانێت باشتر گوزارشت لەناخی خۆی بکات. لەڕووی دەروونییەوە، هۆکارێکی باشە بۆ دەربرینی هەستو سۆز بەرامبەر دەوروپشتو یارمەتیدەرێکە بۆ گەیشتن بە هاوسەنگی هۆشو دەروونی.

کێشەکانی زەوت کردنی خوێندن بە زمانی دایک:

منداڵەکە لە یەکەم ڕۆژدا کە لە قوتابخانە ئامادە دەبێت، لەقسەی مامۆستا تێناگات، زمانی وتنەوەی مامۆستا زمانی منداڵەکە نییە بەم هۆیەوە تووشی کەش و هەوایەکی تاڵ دەبێت چوونکە ئەو زمانەی لە دایکی و باوکیەوە فێری بووە و شانازی پێوە دەکرد لێرە بەکارناهێنرێت و هیچ بەهایەکی نییە.




دووبارە بوونەوەی ئەم رۆژانە متمانەی منداڵ بۆ دایک و باوک کەم دەکاتەوە و فەرهەنگی نەتەوەیی و زمانی لە خۆیدا دەکوژێت.

خوێندن بە زمانی دایک کە لە منداڵ زەوت کرا، هەموو رۆژێک لە قوتابخانە شەرمزار دەبێ و داوی ماوەیەک ئەو شوناسەی کە لە بنەماڵەی وەرگرتبوو لە ناودەچێ و وردە و وردە متمانە و پەیوەندییەکی کە لەگەڵ کۆمەڵگا و میلەتەکەی هەیبووە کەم و جیا دەکاتەوە.

منداڵ چوونکە لە زمانی مامۆستایەکەی تێناگات بەشێکی زۆر لە فێرکاری فێر نابێ. ناتوانێ پرسیار بکات ناتوانێ پێداچوونەوەی بکات،ناتوانێ ئەو شتەی کە فێری بووە بۆ منداڵی تر باس بکات.

زۆربەی ئەو منداڵانەی کە لە خوێندن بە زمانی دایکی بێبەشن باوەربەخۆبوونیان کەمە و لە رۆیشتن بۆ قوتابخانە خۆ دەبوێرن. بەم هۆیەوە رێژەی نەخوێندەواری لەم کۆمەڵگایانە زۆرترە لە چاو ئەو کۆمەڵگایانەی کە منداڵان بە زمانی دایک دەخوێنن.

منداڵان کە متمانەی خۆیان سەبارەت بە بنەماڵە، کۆمەڵگا و نەتەوەکەیان لەدەست دەدەن و هەوڵ دەدەن شوناسێکیتر بۆخۆیان درووست بکەن.

منداڵانی ئەو نەتەوەی کە ناتوانن بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن سەبارەت بە کلتوور،زمان، بیرمەندان، مێژوو و هەموو ڕابردوو خۆیان بێگانە و ناشارەزا دەبن.

ئامارە جیهانییەکان لەسەر پەروەردە بە زمانی دایک:

بەپێی ئامارێکی جیهانی لە ئێستادا پێنج ملیار و نیو لە دانیشتوانی جیهان بە زمانی دایک دەخوێنن یانی لەسەدا 83ی دانیشتوانی جیهان سوود لە زمانی دایک وەردەگرن، بە پێی ئەم ئامارە ١٧ لەسەدی کەمایەتییە نەتەوەکان بێ بەشن لە خوێندن بە زمانی دایک. لە ئێستادا زۆربەی وڵاتانی جیهان کێشەی نەخوێندن بە زمانی دایک چارەسەر کردووە، لە ئێران ٦٧% لەسەدی دانیشتوانی ئەو وڵاتە کە پێک هاتوون لە نەتەوەکانی؛

کورد،تورک،بەلووچ،تورکەمەن،عەرەب،گیلەک... ناتوانن بە زمانی دایکی خۆیان بخوێنن، ئەمەش پێشێل کردنی مافی سەرەکی تاکەکانە.

بە پێی لێکۆڵینەوەکان، لە هەر هەزار قوتابی کە بە زمانی دایکی خۆیان دەخوێنن تەنیا ٤ کەس ناچنە قوتابخانە بەڵام، ئەو کەسانەی کە بە زمانێکی تر جگە لە زمانی دایکی خۆیان دەخوێنن لە هەزار قوتابی ٣٧ کەسیان ناچنە قوتابخانە ئەمەش بەو مانایە کە لە ١٠ قوتابی کە ناچنە قوتابخانە ٩ کەسیان سەر بەو نەتەوانەن کە بە زمانی دایکی خۆیان ناخوێنن.

رێژەی نەخوێندەواری لە ئێران و ئەم شوێنانەی کە بە زمانی نەتەوەکانیان ناخوێنن

بە پێی ئاماری سازمانی نێهزەتی سەواد ئاموزی ئێران، لە ١١ میلیۆن کەم خوێندەوار ٩ میلیۆن کەس نەخوێندەوارن، کە زۆربەیان دانیشتووی پارێزگاکانی نزیک سنووری ئەو وڵاتە.

شارەزایانی بواری پەروەردە هۆشداری دەدەن کە لە پارێزگاکانی سنووری ئەو وڵاتە کە نەتەوە جیاوازەکان تێیدا دەژین، ڕێژەی نەخوێندەواری و کەوتنیان لە خوێندن لە شوێنەکانی تر زیاترە. کوردستان دوای سیستان و بەلووچستان زۆرترین نەخوێندەواری هەیە، هۆکاری ئەم نەخوێندەوارییە، یەکەم نەخوێندن بە زمانی دایک، لە ریزی دووهەمیش دواکەوتووی ئابووری دێتە ئەژمار.

بە وتەی بەڕێوەبەری جێبەجێکاری پوویش ئێران، زۆرترین ئاماری واز هێنانی خوێندکارانی کچ لە قوتابخانە، پەیوەندی بە پارێزگاکانی کوردستان و ئازەربایجانی رۆژئاوا و کرماشان و سیستان و بەلووچستانەوە هەیە. هەروەها، پارێزگاکانی؛ کوردستان، کرماشان و ئازەربایجانی ڕۆژئاوا زۆرترین ئاماری  واز هێنانی خوێندکارانی کوریان هەیە.

مێژووی دیاری کردنی رۆژی جیهانی زمانی دایک

ساڵی 1999 زایینی ڕێکخراوی یۆنسکۆی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان رۆژی 21 ی فەوریبە هەموو ساڵێکی وەک رۆژی جیهانی زمانی دایک ناساند ، ئەو رۆژەی وەک بیرهێنانەوەیەک بۆ قوربانیانی بەنگلادیش بە رۆژی زمانی دایکی دیاری کرد.

مێژووی ئەم رۆژە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1952زایینی، کاتیک ژمارەیەک قوتابی زانکۆی داکا دژی سیاسەتی یەک زمانی کردنی پاکستان نارەزایەتییان دەربڕی، 11 کەس بەدەستی هێزە ئەمنییەکانی پاکستان کوژران بەڵام،حکوومەت ناچار بوو لە ساڵی 1956  دان بە زمانی بەنگالیدا بنێت .

ساڵی 2000 بۆ یەکەمجار یادی ئەم رۆژە مێژوویی و جیهانییە کرایەوە. یۆنسکۆ هۆکاری هەڵبژاردنی رۆژێکی جیهانی بۆ زمانی دایکی، بۆ هاوکاریکردنی فرەچەشنی و فرەڕەنگی زمان و کولتوورەکان گەڕاندەوە.

لە جیهاندا زیاتر لە 6 هەزار زمان بوونی هەیە کە بەشێک لەو زمانانە بە هۆی نەبوونی پیت لە ناچووندان.

بەپێی ئینسکلۆپیدیای نیشتمانیی سوێدی بۆ ریزبەندی زمانە جیهانییەکان، لە جیهاندا 100 زمان زۆرترین خەڵک قسەیان پێدەکەن، زمانی کوردیش لەریزبەندی 59یەمین زمانی جیهاندایە کە دەکاتە  0.31% ی دانیشتووانی جیهان.

کۆمەڵە و گرینگی بە زمانی دایک:- کۆمەڵە دوای ڕاگەیاندنی خەباتی ئاشکرای خۆی گرینگی تایبەتی بە زمانی دایکی لە کوردستانی رۆژهەڵات دا و یەکەمین حیزب بوو کە کتێبی ئەلف و بێی کوردی لە چاپ دا تاکوو منداڵانی کوردستان بە زمانی دایکی بخوێنن و بنووسن.

- کۆمەڵە بۆ جێگیر بوونی خوێندن بە زمانی دایکی سەدان مامۆستای پێشمەرگەی رەوانەی قوتابخانەکانی کوردستان کرد و گەشەیەکی زۆری بە نووسین و ئەدەبیاتی کوردی دا و رۆڵێکی گرینگ و بەرچاوی بوو کە دامەزراندنی ناوەندە رۆناکبیری و ئەدەبییەکانی کوردستانی رۆژهەڵات.

- کۆمەڵە، خوێندن بە زمانی دایک بە مافی هەموو نەتەوەیەکی ئێران دەزانێ و تێدەکۆشێ کە لە حکوومەتی داهاتووی ئێران خوێندن بە زمانی دایک وەکوو سەرەکیترین ماف دیاری بکرێ و هەموو نەتەوەکان بە زمانی دایک بخوێنن.

لە هەر کۆمەڵگەیەکدا کە مرۆڤ بە زمانی دایکی خۆی لە پەروەردە بێبەش بێت، بەو مانایە  حکوومەتێکی دیکتاتۆر لە سەر کارە کە ستەمی سیاسی و کۆمەڵایەتی سەپاندووە دژ بە نەتەوەکانی ئەو وڵاتە، و بێبەشی کردوون لە سەرەتاییترین مافی تاکەکەسی.

کۆماری ئیسلامی بۆ لە ناو بردنی نەتەوەکانی ئێران، خوێندن بە زمانی دایک قەدەغە دەکات،لە راستیدا لەم ڕێگایەوە شوناس، کلتوور و مێژووی نەتەوەکان لە ناودەبات. چوونکە ئەم نەتەوانەی کە زمانیان لە ناو دەچێ لە مێژوودا لە بیر دەچنەوە.


سایتی کۆمەڵە




# چارەی خەمی من

## شیعری : هێدی

چارەی خەمی من مەی نییە مەیخانە بڵێ چی
بەو دەردەوە مەی نامگرێ، پەیمانە بڵێ چی؟
پێمواننییە لەو غەدرە لە فریام بکەوێ کەس
ئەو دۆست بوو وەفای بۆم نەبوو، بێگانە بڵێ چی؟
هەر عاشقە گوناهی نەبێ دەیخەنە ئەستۆ
شەم ئاگری کردۆتەوە، پەروانە بڵێ چی؟
بسکت بدە دەس شانە بەڵام چین مەخە ئەبرۆ
زولفی تۆ شنە تێکی دەدا، شانە بڵێ چی؟
تاوانی منە دەربەدەری و دەردی سەری من
مەل خۆی سەری خۆی هەڵگرێ، هێلانە بڵێ چی؟
شێتی قەدی تۆ شەرتی لەگەڵ چۆڵ و چیابوو
زانا بێ بەزنجیرەوە، دێوانە بڵێ چی؟
تاسەی تۆ کە دامدەگرێ، دەڵێن: (ئاخری خێربێ)
دڵم لەگەڵ ئەو هەموو برینانە بڵێ چی؟
چارەی خەمی من مەی نییە مەیخانە بڵێ چی
بەو دەردەوە مەی نامگرێ، پەیمانە بڵێ چی؟
پێمواننییە لەو غەدرە لە فریام بکەوێ کەس
ئەو دۆست بوو وەفای بۆم نەبوو، بێگانە بڵێ چی؟



# زمانی دایک چییە؟

## تاریق هێدی*

گەر لەکۆمەڵگەیەکی بەکارهێنەری یەک زماندا، پێناسەکەی زمانی دایک ئەوە بێت، کە: "ئەو زمانەیە کە منداڵ لەدایکو لەناو خێزاندا فێری دەبێت". ئەوا لەناو ئەو کۆمەڵگەیانەدا کە فرەزمانین، پێناسەکە گەلێک فراوانترو هاوکات زەحمەتتریش دەبێت. ئێستا گەر بپرسین، ئایا زمانی دایک چییە؟ دەشێت چەندین وەڵامو پێناسەی جۆراوجۆرمان دەست بکەوێت، لەوانە:

- ئەو زمانەیە کە مرۆڤ لەدایکەوە فێری دەبێت.
- ئەو زمانەیە کە مرۆڤ یەکەم جار فێری دەبێت، واتە: زمانی یەکەمە.
- ئەو زمانەیە کە مرۆڤ باش تواناى بەسەریدا دەشکێتو باشتر دەتوانێت قسەی پێ بکاتو تەعبیری پێ لەخۆی بکات.
- ئەو زمانەیە کە زۆرتر بەکاردەهێنرێت.
- ئەو زمانەیە کە مرۆڤ بە ناسنامەی خۆی دەزانێت.
- ئەو زمانەیە کە مرۆڤ خەونی پێ دەبینێت.
- ئەو زمانەیە کە مرۆڤ بیری پێ دەکاتەوە.
- ئەو زمانەیە کە مرۆڤ بە باشی دەیزانێت.
- ئەو زمانەیە کە...(خۆت پێناسەیەکی دیکەی بۆ دابنێ!)

زمانی دایک، لەڕوی فۆرم، ناوەڕۆک و بەکارهێنانەوە هەمان ئەو سیماو یاسایانەی هەیە کە بۆ "زمان" بەگشتیی داندراون. ئەوەی زمانی دایک جیادەکاتەوە، بواری لێکۆڵینەوە و کاریگەرییەکانیەتی بۆ فێربونی زمانی دوهەم، سێهەم...تاد. دیاریکردنی پێناسەیەکی کۆنکرێتیی بۆ "زمانی دایک" لەناو کۆمەڵگە یەک ئیتنیو هۆمۆگێنەکاندا (کە تاکە زمانێک بەکاردەبرێت) گەلێک ساناترە وەک لەچاو کۆمەڵگە "فرە کولتور"و "فرەزمان"ەکاندا.

لەو ڕوانگەیەوە گەر لەهەر یەکێک لەو پێناسانە بڕوانین، دەبینین کەهەر یەکەیان لە ژێر کاریگەری بواری جیاجیادا هاتوونەتە بەرئەنجام بۆ نموونە، بەستنەوەی زمانی دایک بەڕەچەڵەکەوە (کاریگەریی سۆسیۆلۆژییانە) بەستەنەوەی بەتواناییەوە (کاریگەریی سایکۆ-لینگویستیکانە)، بەستنەوەی بەڕێژەی بەکارهێنانەوە (کاریگەریی سۆسیۆ-لینگویستیکانە)،بەستنەوەی بە ناسنامەوە (کاریگەریی ئەنترۆپۆلۆژیای سۆسیۆلۆژیانە)...تاد.

لەکوردستان سەرەڕای ئەوەی بەدرێژایی دەیانو سەدان ساڵ "زمانی دایک" وەک تێماو بابەتێکی نەتەوەییو سیاسییانە لە ڕووی بەکارهێنانو خوێندنەوە بە فراوانی قسەی لەسەرکراووە وەک مافێکی سەرەتایی خەباتی بۆ کراوە، بەڵام جێی داخە، کە تا ئەم ساتە وەختە توێژینەوەی زانستیو باسوخواسی دروستی لەبارەوە نەکراوە! بەهۆی نەبونی کادری تایبەتمەند لەو بوارەدا، هەندێک لەو ئەکادیمیکە بەڕێزانەی لەبارەی زمانی دایکەوە شتێکیان وتووە، زیاتر لەڕوی قسەپێکردن، بەکارهێنانی وشەی پەتیو وابەستەگیی فەرهەنگیو پراکتیکی زمانی ڕۆژانەوە بووە. تەنانەت بابەتی گرنگی دیکەی هەمان ئەڵقەی وەک: "کوردی وەک زمانی یەکەم"، "کوردی وەک زمانی دووهەم"، "جووتزمانی"، "فرەزمانی"، "زمانی دایک وەک سەرچاوەی فێربوون"، "زمانی دایکو کاریگەریی لەسەر فێربوونی زمانی دووهەم" و زۆر بابەتی دیکە هێشتا بە وردی دەستیان بۆ نەبراون!




گەر بڕوانینە بابەتێکی وەک، "کاریگەری زمانی دایک بۆ فێربوونی زمانی دووهەم"، ئەوا دەبینین گەلێک لە زانایانی زمان ئاماژە بە ڕۆڵی گرنگی زمانی دایک لەو بوارەدا دەکەن . یەکێک لە هەرە دیارەکانی بواری پەروەردەناسی ڤیگۆتسکی (Lev Vygotsky 1896-1934)، کە بە وردی باس لە کاریگەرییە پۆزەتیڤەکانی زمانی دایک لە فێربوونی زمانی دووهەمدا دەکات و پێی وایە هەر توانایەک لە یەکێک لە ئاستەکانی زمان کاریگەرییەکی ڕاستەخۆ دادەنێت لەسەر بەدەستخستنی توانا لە هەمان ئاستی زمان لە فێربوونی زمانی دوهەمدا.


یەکێکی دیکەی وەک کەمینز (Cummins) لە بواری "جووتزمانی" و فێربوونی زمانی زیاتردا ئاماژە بە دیاردەی "وابەستەگیی دوولایەنەی زمانی ١ و زمانی ٢" دەکات. گرنگی زانینی "زمانی دایک" بە جۆرێکە، کە لە هەندێک وڵاتانی دونیادا مافی خوێندن بە "زمانی دایک" بۆ بێگانان فەراهەم دەکەن، نەک لەبەرئەوەی مافێکی کولتوری و مرۆڤایەتییە (وەک زۆر کەس تێیگەیشتوون)، بەڵکوو هۆکارەکەی ئەوەیە، کە دەڵێن گەر منداڵێک زمانی دایک بە باشی بزانێت، ئەوا ساناتر فێری زمانی دووهەم دەبێت، واتە وەک هۆکارێک بۆ فێربوونی زمانی سەرەکی وڵاتەکەیە و مەرامێکی پیداگوگی و زمانناسییانەی هەیە.

ئێمە گەر بڕوانینە گەلێک لە خەڵکانی خۆمان، کە ڕوو لە وڵاتانی بێگانان دەکەن، بە شێوەیەکی گشتی، کێشەیەکی زۆریان لە فێربوونی زمانی بەرامبەردا بۆ دێتە پێشێ. هۆکاری هەرە سەرکیی ئەو دیاردەیەش ئەوەیە، کە لە بناغەدا تاکی ئێمە بە باشی "زمانی دایک" فێر نەکراوە. مەبەست بە تەنها ناو خێزان نییە، بەڵکوو کۆی ئەو سیستەمی زمان فێرکردنەی لە قوتابخانە و تەنانەت دامودەزگا ئەکادیمی و زانستییەکانی وەک زانکۆشدا بەکاردەهێنرێت. ئەمەش کاریگەرییەکی ڕاستەوخۆ لە توانای فێربوونی زمان بە گشتی لای ئەو تاکانە دادەنێت.


جێی سەرنجیشە، کە دەبینین ئەو کەسانەی لە سفرەوە دەست بە فێربوونی زمانێکی دیکە دەکەن (بە تایبەت ئەوانەی لە ڕێی قوتابخانە و کۆرسی چڕی زمان)ەوە تێهەڵدەچنەوە زۆریان وایان لێ دێت، کە بۆ نموونە لە ڕووی گراماتیک و فۆرمی نووسینی زمانەوە لە "بە کوردی نووسین" باشتر فێر دەبن و زۆرجاریش دەچنە دۆخێکەوە، کە جارێکی دیکە زمانە بێگانەکە دەکەنەوە پێوانە و پەیڕەو و سیستمێک بۆ فێربوونەوەی زمانی یەکەمی خۆیان بە باشی کە ئەویش "زمانی دایک"ە! ئیدی تەنها ئەم دیاردەیە دەکرێت دەیان لێکۆڵینەوە و نامەی ماستەر و دکتۆرای لە بارەوە بنووسرێت.

*پەروەردەناس

ڕێزمانی کوردی





# تیدی سێ ساڵان بچووکترین ئەندامی مێنسایە..

## رەزا شوان

تیدی هۆبز کوڕێکی بچکۆلانەی بەریتانیایە، خەڵکی شاری پۆرتیشێدە لە ویلایەتی سۆمەرسێت لە بەریتانیا. منداڵی گەورەی خاتوو (بێت هۆبز) و (ویل هۆبز) ە. تیدی و خوشکە بچکۆلەکەی، لە رێگەی پیتاندنی دەستکردەوە لەدایک بوون. تیدی منداڵێکی بلیمەت و پەرجوویە. لە تەمەنی (٣) ساڵیدا، بوو بە بچووکترین ئەندامی کۆمەڵەی مێنسا لە بەریتانیا. تا ئێستا رەنگە زیرەکترن منداڵ بێت لە بەریتانیادا.

مێنسا لە ساڵی (١٩٤٧) دامەزرا، گەورەترین کۆنترین کۆمەڵەی نێودەوڵەتییە، تەنیا ئەو کەسە زیرەکانە بە ئەندامێتی وەردەگرێت، لە هەر شوێنێکی جیهاندا بن، کە نمرەی زیرەکییان لە ئاستێکی باڵا دایە. لە تاقیکردنەوەکانی ستانفۆرد ـ بینێت ـ ی تایبەت بە مێنسا، نمرەی زیرەکیی لە سەدا (٩٨) نمرە یا زیاتریان بەدەستهێناون.

تیدی هۆبز، لە تەمەنەی، دوو ساڵ و دوو مانگیدا، لە رێگەی سەیرکردن و گوێگرتن لە بەرنامەی منداڵان لە تەلەفزیۆنی پەروەردەیی بەریتانیا، بە رەوانی خۆی فێری خوێندنەوەی هەموو پیتەکان و چەندین وشە کرد. بێ ئەوەی کەس یارمەتیی بدات، خۆی فێری نووسینی پیتەکان و بە دەیان وشە کرد. دەنگەکانی پیتەکانی کۆپی دەکرد. تیدی هەر لەو تەمەنەدا، دەیتوانی بە حەوت زمان (ئینگلیزی، ویڵزی، چینی، نۆرماندی ئیسپانی، ئەڵمانی، فەرەنسی) لە ژمارە (١) کەوە تا (١٠٠) بژمێرێت.

(بێت هۆبز) ی دایکی دەڵێت:"لەسەر تابلێتەکەی یاریی دەکرد. ئەو دەنگانەی دەردەکرد کە من نەم دەناسینەوە، لێم پرسی ئەم دەنگانە چین؟ وتی: دایکە من بە زمانی چینی دەژمێرم".

(بێت) دەڵێت:"من و هاوسەرەکەم زماناس نین، ئێمە دڵنیاین، کە چۆن بەم ئاستە گەیشتووە"؟ دەشڵێت:"تیدی هەموو ئەو کارانەی بە تەنیا کردوون. کاتێک کە دەچینە دەرەوە، سەرپشکی دەکەین کە شکۆلاتەیەک هەڵبژێرێت. ئەو لە جێی شکولاتە، کتێبێکی دەوێت".

تیدی هۆبز بەسەر هیچ شتێکدا بازنادات، گوێ لە هەموو شتێک دەگرێت. ئەو گفتوگۆیانەی کە لە جەژنی کریسمسی ساڵی رابردوودا، لەگەڵیان کردووە، هەر هەموویانی لە بیرە.

تیدی زۆر حەزی لە بیرکارییە. جارێکیان ئەوندە بە وردی سەرقاڵی کەرتەکان دەبێت، تا خوێن لە لووتی هات ئەوجا وازی هێنا. لە یاری و وەرزش و لە چالاکییەکانی چێژ وەردەگرێت، زۆریش دەخوێنێتەوە. چێژیش لە خوێندنەوە بۆ خوشکە (١٥) مانگییەکەی وەردەگرێت. بیرۆکەی ئەوەی هەیە لە داهاتوودا ببێت بە پزیشک، چونکە لەگەڵ هاوڕێیەکی لە دایەنگاکەیاندا، یاریی پزیشک و نەخۆش دەکەن و رۆڵی پزیشک دەبینێت.

کە تەمەنی تیدی دوو ساڵ و نیو بوو، دەیانوت. ئاستی خوێندنەوە و وەرگرتن و تێگەیشتن و قسەکردن و وەڵامدانەوەی و ناسینەوەی پیت و شەکانی، لە ئاستی توانای منداڵێکی هەشت ساڵ و نیو دایە.

کە تەمەنی دەبێت بە (٣) ساڵ، دایکی کە یەکەم رۆژ دەیبات بۆ دایانگە، پێیان دەڵێت: "پێمواپە خۆی فێری خوێندنەوە کردووە. سەرەتا بە راستی، باوەڕیان پێم نەکرد".

پاشان هەر هەمان رۆژ، خاتوویەکی مامۆستای پێش قوتابخانەی بنەڕەتییان بانگ کردبوو. بۆ ئەوەی قسەی لەگەڵ بکات و بخوێنێتەوە. بە رەوانی بۆێ خوێندبووەوە.

بە تەلەفۆن پەیوەندییان پێوەکردم و وتیان:"بێت تۆ راست دەکەیت".


© Courtesy Beth Hobbs / SWNS

مێنسا هەڵسەنگاندنی زیرەکی، بۆ منداڵانی خوار تەمەنی (١٠) ساڵان ناکات. بەڵام ئەگەر دایکان و باوکانیان، بیانەوێت منداڵەکانیان ـ کە لەژێر ئەو تەمەنە دان ـ پشکنینیان بۆ بکرێت، پێویستە بیانبەن بۆ لای پزیشکی دەروونناسی پەروەردەیی.

پزیشکی دەروونناسی پەروەردەیی، کە هەڵسەنگاندنی زیرەکیی بۆ تیدی هۆبز کرد. سەرسامی زیرەکیی و بلیمەتی بوو. یەکسەر بۆ تاقیکردنەوەکانی مێنسا کاندیدی کرد.

تیدی تەمەن سێ ساڵ بە ئاسایی و کراوەیی، لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی مێنسادا، توانی لە کۆی (١٦٠) نمرە (١٣٩) نمرە بەدەست بهێنێت. کە دەکاتە رێژەی (٩٩،٥) سەدی تەمەنی خۆی. بوو بە بچووکترین ئەندامی مێنسا لە بەریتانیا. دایک و باوکی بەو ئەنجامە تووشی شۆک بوون، هیچ بیرۆکەیەکیان نەبوو کە تا چ رادەیەک زیرەکە. هیچ پلانێکیشیان بۆ مێنسا نەبوو.

تیدی هۆبز لە (٥) ساڵیدا وتی:" ئەگەر دایک و باوکم رێم پێبدەن، دەتوانم کتێبەکانی رۆمانی هاری پۆتەر بخوێنمەوە".

دایکی وتی:"دیارە ئێمە رێی پێنادەین، کە رۆمانی هاری پۆتەر بخوێنێتەوە. ئێمە کتێبی گونجاوتری لە رووی سۆزدارییەوە بۆ هەڵدەبژێرین. بەڵام لە بنەڕەتدا ئەو لەو قۆناغە دایە، کە دەتوانێت هەر شتێک بخوێنێتەوە کە بیخەینە بەردەمی". تیدی هۆبزی بلیمەت و ناوازە، لە ئێستادا تەمەنی شەش ساڵە.

(*) بۆ ئەم نووسینە، سوودم لە چەندین سایتی ئینگلیزی وەرگرتووە.

رەزا شوان

دوبەی/ ٢٠٢٥

# پەیوەست بونی ڕوداوەکان پێکەوە هەر لە تورکیا و ئێرانەوە تا ئۆکرانیا و سوریا و عێراق

## بەختیار شارەزووری و سەرکەوتی جیهاز

ڕوداوەکان هەڵقەی تەواوکاری یەک زنجیرەن بۆ بەستنەوەی بەرژەوەندی هاوبەش و دابەشکاری وڵاتانی زلهێزی جیهانی و وڵاتانی زلهێزی ناوچەیی ، هیچ ڕوداوێکیش بێ یاری و جەنگ و ململانێ و جۆرەها سیناریۆ ڕونادەن ، بکەرە گەورەکان خۆیان لەیاری و سیناریۆیی یەکتر تێدەگەن و دواجار بۆ کۆکردنەوەی کارتی گوشارە بۆ گوشارخستنە سەر یەک بۆ سەر مێزی گفتوگۆکان بۆ دەستکەوتی زیاتر ، لەم نێوەندەدا جەنگ ڕودەدات و مرۆڤ دەکوژرێت و وڵات کاولدەکرێت و نیزام دەگۆڕێت و هێزگەلێک تا دوێنێ دۆست بو ئەمڕۆ دەفرۆشرێت و هێزگەلێک تا دوێنێ دوژمن بو ئەمڕۆ دەبێتە دۆستی گیانی بەگیانی و خاک بە خاک و مرۆڤ بە مرۆڤ و مەزهەب بە مەزهەب و نیزام بە نیزام دەکرێت ، لە دواجاردا ئەو هێز و دەوڵەتانە دەمێننەوە کە حوکمی جوگرافیا و جیوپۆلەتیک و هێزیان وایان کردوە بچنە ناو بازنەی بەرژەوەندی وڵاتە زلهێزەکانەوە ، دەکرێ ئەم وڵاتانەش بێهێز بکرێن یان بەهێز بکرێن لە چوارچێوەی بەرژەوەندی گرێدراوی هاوبەشدا بەڵام حوکمە بنەڕەتیەکە ناگاتە ڕوخاندن ، زلهێزەکان وڵاتە بچوکەکانی سەر ڕێگای جەنگی هاوبەش دەکەنە قوربانی ، بۆ نمونە :

ئۆکرانیا : لەگەڵ هاتنی ترامپدا بەرژەوەندی هاوبەشی ڕوس و چین ئەگەر پێشتر لەجەنگدا بوبێت ئەوا ئێستا بە گۆڕینەوەی کارت لە ئاشتیدایە و ئۆکرانیا و غەزە و نیزامی ئەسەد بونە قوربانی و لەبەرامبەر سوریا و غەزەدا ئەمریکا ئۆکرانیا ناچار بەدانوستان بکات بەو مەرجەی تورکیاش ناچار بە ڕێکەوتن لەگەڵ ترامپ بکات ، ئیتر هەندێ پرسی ناو سوریا لەم ڕێککەوتنەدا چارەسەری بێخواستی پێکهاتەکانی ناو سوریای بۆ دۆزراوەتەوە ، ئەو ٢٠%خاکی ئۆکرانیاش فت.

———

٢-تورکیا و ئێران : ئەم دوو زلهێزە ناوچەییە لەژێر قەیدی بەرژەوەندی هاوبەشی ( ڕوس و چین لەلایەک و ئەمریکا و ناتۆ لەلایەک) دان ، ئەم دوو وڵاتە کاتێ بازنەی سوری بەرژەوەندییە هاوبەشەکان دەبڕن دەکەونە ژێر گوشاری ئەمریکاوە بە ڕێگای (گەمارۆی زیرەک) تورکیا سەر بەخۆیەتی و ئێران سەر بە ڕوس ، ڕوس یەک فزە ناکات ، لەژێرەوەرا سوریا دەخەنە ژێر هەیمەنەی تورکیا و عێراق دەخەنە ژێر هەیمەنەی ئێران بەڵام بەو دیزاینەی ڕوس چین و ئەمریکا دایاناناوە .

———

ئیمراڵی و ئاشتی : تورک خۆی نا بەڵکو زلهێزەکان دەزانن جوگرافیا و جیوپۆلەتیکی چەند گرنگە و سوریاش لەو چوارچێوەدایە بۆیە بە گوشاری وڵاتان و نەخشەی بەرژەوەندی هاوبەشیان مەحکومە بە ئاشتی ، تا مافی کورد بەپێی ڕێککەوتنێک بۆ سوریا و تورکیا هاوشێوەی عێراق جێبەجێ بکرێت.

———

جوڵەیەک نابینی بێ ڕودانی جوڵەیەکی تر ، دەبینین لە ئێستادا مەلەفی ( یەمەن و لیبیا) خەوێندراوە و مەلەفی سوریا و عێراق لە ئارادایە ، دواجار هەموو یاریی و سیناریۆ و دیزاینەکان لەو مەتبەخ و ژورانەوە دەردەچێت کە تاریکن و هەواڵی تر دەخرێتە سەر شاشە و سایتەکان بۆ شاردنەوەی گۆڕینەوەی کارتەکانیان ، کورد لەم نێوەندەدا وەک مافی نەتەوەیەکی سەرەکی وەک نەتەوەکانی تر لە عێراق و سوریا وەک دروۆزەکان چوەتە ناو بازنەی بەرژەوەندییەکان بەڵام لەچواچێوەی ناوەندەکاندا.




### تو پیم بلی

تو پیم بلی ئاخر کە من لە م دووره وه
ئاواتە خواز بم بمە وی
بو منالیکی سومالی رووت و برسی
ببم بە پە رداخی شیر و بمخواتە وه
ببم بە تیکە نانیک و قوتم بدا
ببم بە پارچە جلیک و لە بە رم کا
ئە ی ئە بی بو منالانی بی نە وای خوم
بی کە سی خوم
لە کە رکووکە وه تاکو وان
ببم بە چی تو پیم بلی
ببم بە چی؟

**شیرکو بیکە س**



# داستانی دابان ، هەلاج
## عەبدوڵلا کەریم مەحمود



سەعات 2-ی شەوی 15 / 2 / 1985 بەفر سەراپا زنجیرە چیاکان و دۆڵی جافایەتی گرتبوو ، چەند پلەیەک لە ژێر سفرا بوو ، دارو درەخت و بەردوهەموو سروشت ،ببوو بە شەختە ،بەستبووی . تەوژمی سەرماکە هورژومی بۆ هەموو شوێنێک و پەناگەکان دەبرد .

هێزی پێشمەرگە ی تیپەکانی (مەڵبەندی دوو و مەڵبەندی یەک ), بە سەپەرشی ملازم عومەر لێپرسراوی مەکتەبی عەسکەری و قادری حاجی عەلی لێپرسراوی مەڵبەندی دوو، بەرەو ئەو شوێنانەی هەنگاویان نا ، بۆیان دیاری کرابوو .

ملازم عومەر ، هێزەکەی کرد ، بە دوو بە شەوە، هێزێکیان لە گوندی هەڵەدنەوە ، بەرە ئاڕاستەی دابان و هێزەکە ی تریان ، لە گوندی سەرگەڵووە وە، بەرەو ئاڕاستەی هەلاج ،چەرماوەند سەرکەوتن .

ملازم عومەر و قادری حاجی عەلی ، ماوەیەک لەوەو بەر، نەخشەی شەڕەکەیان ، بە پێی هەڵکوتنی شوێنی بەرزایی ڕەبایەکان و بارەگای (سریە وفەوجەکە) ،دیاری کردبوو .

ئەو ڕێچکانەیان دیاری کردبوو ، کە دەبوایە پێشمەرگەکان ، پیا سەرکەون ، بۆ بەرزایی چیاکەو گرتنی ڕەبایەکان.

( سەعاتی سفر )

لە سەعات 4-ی سفردا ، دەنگی تەقینی ئاربیجی بۆ سەر ڕەبایەکان ، سەراپا ناوچەکەی لە هەموو قوڵەکانە وە هەژاند .

پێشمەرگەکان هێرشیان کردە ، سەر ڕەبایەکان ، لە ماوەیەکی دیاری کراودا ،(17 )ڕەبایە یان لە ( دابان ،هەلاج ، چە رماوەند ) گرت .

دوای کۆنترۆڵ کردنی زنجیرە چیای دابان ،هەلاج ،چەرماوەند ، پێشمەرگەکان لە بەرزای دابانەوە ، بە ڕێگا خۆڵەکەدا ، بەرەو خوارەوە ی دابان کشان ، هەڵمەتیان بۆ مقەر سریەکەی ، نزیک گوندی شەدەڵە بردو گرتیان .

هێزێکی تر ی پێشمەرگە ، پەلاماری ڕەبایەکانی مقەر فەوجەکەی (هۆمەر قەوم )یان دا ؟

(والی باریکەیی)

والی باریکەیی جێگری فەرماندی کەرتی دووی تانجەرۆ ، لە تیپی ٥٥ی قەرەداغ ، لە کاتی هەڵمەت بردن ، بۆ ڕەبایییەکانی مقەر فەوجەکە ، پێکراو گیانی سپارد.

دوو هێزی سەربازی سوپای عێراق ، لە جادەی دوکان - سلێمانی یەوە بەرەو ئاراستەی گوندی هۆمەرقەوم و گوندی شەدەڵە کشان .

( هەڵۆ چەمچەماڵی )

هێزی پێشمەرگە لە سابوئاوا و حاجی تان -ەوە ، بەسەرپەرشتی (هەڵۆ چەمچەماڵی ) ، جێگری سەرتیپی 23 سورداش، دیوار بەدیوار ی ماڵەکان ، بە ئاربی جی ، دەبابەکانی شکاند.

بەجۆرێک رووبەرووی. دەبابەکان بووەوە و بواری نەدا، بێنە پێشەوە، زیان بەو پێشمەرگانە بگەیەنن ، لە سەر چیای دابانەوە ، هاتبونە خوارەوە بۆ شەدەڵەو نزیک هۆمەر قەوم .

( سابیر ڕەسوڵ و عومەر پاڵەوان )

( سابیر ڕەسوڵ و عومەر پاڵەوان ) دۆشکەیەکیان ، لە سەر دابان دامەزراندبوو ، ڕۆڵی سەرەکی و گرنگیان بینی ،بواریان نەدەدا ،هیزەکانی سوپا ی عێراق، لەسەر جادەی سلێمانی-دوکان و لە کۆتەڵەوە ، بەرەو ئاراستەی( شەدەڵەو هۆمەر قەوم) بێنە پێشەوە .

عومەر پاڵەوان و سابیر ڕەسووڵ ، بە جۆرێک بەو دۆشکەیە ، کۆپتەرەکانیان بە ئاسمانەوە داگرتەوە ، بواریان بە کۆپتەرەکان نەدا ،ئەو پێشمەرگانە دابێژن ، بەدیل و دەسکەوتەوە ، لە شەدەڵەوە ، بە لاپاڵی چیای دابان دا سەردەکەوتن بەرە و بەرزاییەکانی شاخی دابان .

عومەر پاڵەوان بە جۆرێک ، لە کاتی دەسرێژدا ، پەردەی گوێی بریندار بوو ،خوینی پیا هاتە خوارەوە ، ناو بەناو دۆشکەکەی ، بە بازوە بەهێزەکەی ، لە شوێنێکەوە دەگواستەوە بۆ شوێنێکی تر ، بۆ ئەوەی کۆپتەرەکان دۆشکەکە نەپێکن .

لەم داستانەدا ( 540 )سەربازو ئەفسەرو جیش شەعبی کوژران .(198 )سەربازو ئەفسەرو جیش شەعبی بەدیل گیران، 18 پێشمەرگەی شەهیدکران.

پێشمەرگەکان دەستیان بەسەر چەکی قورس و سوک و کەرەسەی جیا جیای سەربازی دا گرت .


( ئیسماعیل عەترەو ئەیوب )


ئیسماعیل عەترە پێشمەرگەی تیپی ٥٣ ی شیروانە ، لە نزیک ڕەبایەکەی دابان پێکرا ، پێشمەرگەیەک کردیە کۆڵ ، بۆ ئەوەی بیگەینە هەڵەدن ، لە ناو قەدی شاخەکەدا گیانی سپارد .

مامۆستا عەلی عەبدوڵلای ڕابەر سیاسیی، تیپی ٥١ ی گەرمیان ، لە گەرمیان بە ئیسماعیل عەترە و ئەیوبی برای وتبوو :

- ئێوە دووبرا ، تەنیا یەکێکتان لە گەڵمانا وەرن ، هەردووکتان پێکەوە ، مەیەن بۆ ئەو شەرە . بەڵام ( ئیسماعیل عەترە و ئەیوب )ی برای هەردوو کیان ، پێکەوە لە گەڵ هێزە هاوبەشەکەی (تیپی ٥١ی گەرمیان )و (تیپی٥٣ی شیروانە)دا ، هاتبوون بۆ شەڕەکە .

تەرمی ئیسماعیل عەترەیان ، لە مزگەوتەکەی هەڵەدن دانرابوو ،دەبوایە (ئەیوب) ی برای و چەند پێشمەرگەیەک ، تەرمی براکەی بە ناو دەیان ڕەبایەو سەربازگەو بۆسەی جاش دا ، لە هەڵەدنەوە بگوێزنەوە بۆ گەرمیان .











سەید برایم ئاربیجیەکی نا بەرەبایەکەوە ، بروسکەئاسا ، لە کاتی هەڵمەت، بۆ سەر ڕەبایەکە ، ڕۆمانەیەکی هەڵدایە ناو ڕەبایەکەوە ، لەو کاتەدا سەربازێک دەسرێژێکی لێ کردبوو ، دەیپێکێت وگیانی لەدەست دا.

( وەستا محەمەد )

پێشمەرگەیەکی تر ناوی وەستا محەمەد بوو ،لە تەنیشت عەبدولکەریم هەڵەدنی، لە پاڵ ڕەبایەی (گۆڕە جولەکە )ی دابان دا بوون ، وەستا محەمەد هەستا سەر پێ و لە کاتی دەسرێژ لە ڕەبایەکە ، بروسکە ئاسا هەڵمەتی بۆ ڕەبایەکە بردبوو ، لە ناکاو گولەیەک سەرسنگی پێکا، لە شوێنی خۆی دا گیانی سپارد ،عومەر هەڵەدنی ، بە خیرایی تەرمەکەی بە کۆڵ ،گواستەوە، بۆ دوای سەنگەرەکان .

لە مزگەوتەکەی هەڵەدن ، جلەکانیان لە بەر شەهیدەکان داکەند ، بۆئەوەی کفن بە بە باڵایان بپۆشن ،

دەستیان کرد بە گیرفانیای وەستا محەمەدا ، وێنەی دەسگیرانەکەی تیا بوو.؟

عەبدوڵلا کەریم مەحمود

سەرچاوە و پەراوێز :

١- ئەکاونتی مەحمودی حاجی عومەر

*بۆ ڕۆژی 15 / 2 / 1985 دوای داستانی دابان ، هەلاج، چەرماوەند و ڕۆژانی داواتر ،دەیان فەردە نان و ناوساجی و ئازوقەی جۆراو جۆرو گۆشتی قوتو ، لە جەماوەری شاری سلێمانی و ڕێکخستنەکانی ناو شارو خەڵکی گوندەکان ، بە تراکتۆرو ولاخ گەیشتنە بارەگای کەرتی ڕێکخستنی دوکان لە ناو گوندی هەڵەدن و بارەگای مەڵبەندی دوو لە گوندی سەرگەڵو .

*ئەم نوسینە کورتە ، تەنیا بۆ یادکردنەوەی، چەند دیمەنێکی ، ئەو داستانەیە .

وێنەکان . یەکەم : زنجیرە چیای (دابان ،هەلاج ، چەرماوەند ، ) شەهیدەکان :(دووەم :والی باریکەیی ،سێیەم : ئیسماعیل عەترە،چوارەم :سەید برایم ،پێنجەم :وەستا محەمەد).

# زامێک لە نێوان هەلکشان و داکشان



لێرە.. لەناو هەناوی پەیدابوون
چرپەی لێوێک
شوێن تیشکێکی ئەبەدی دەکەوێت
لەپێچاو پێچی کۆڵانە تاریکەکانی
مەملەکەتی خەمە بێ نازەکان
تا بە گوێیدا بچرپێنێت
هیوایەک ببەخشێت
بەو نهێنیە ڕەنگالانەی
لە ئینجانە گوڵینەکانی
بەستەڵەکی ڕوح هەڵدەتۆقێ..
لەسەر خاکی ژنێک
کە لە پەنجاکانی فرمێسکدایە..
ژانی دابڕان
هاوارێکی دڕ دەدەنەوە
لەسەر شانی قەسیدەیەک
بە کۆت و بەندێکی ژەنگاوی شەتەک دراوە..
کڕنوشی دەبرد
بۆ ڕێژنە بارانی هانایەکیی ناوەخت ..
لە تاو
گۆرانی وتنی خەمی خەونێکی دوورو گڕگرتوو..
هاواری
کپی ئارام گرتنیش
لە ناخیدا گرمۆڵەیان کردبوو..
لەناو ئازارەکانیدا
سیمای برینداراوە
پێنووسەکەی خوێنێکی ئەبەدی لێدەچۆڕێ..
ئەو کاتانەی
دەبووە دۆڵێک لە مەینەتی
پەنجە لاوازەکانی بریسکەیان دەدایەوە
لە نێوان باڵەکانی نا ئومێدی
بۆکروزیان لێدەهات..
ئاگر بارانی
ئەو چاوەڕوانیە بێ بەزەیە
کیژۆڵەی خەونەکانی لەسێدارە دەدا ..
چەخماخەی خەیاڵی
گوڵە قەرسیلەیەکی مەراقەوە
ساباتی ڕوحی
چامەیەکی زامدارەوە
چەمی پێکەنینی دڵتەنگ دەکات..
ئەسپە شێیی حەزەکانی
وەک تابلۆیەکی بەرباران

فرمێسک
خۆی تیامەڵاس داوە..
بەرمۆدای بێ مرووەتی
دار بەنی بێ کەسی هەڵدەلوشێ
بە تاوە تەرزەی خەمێکی شیرین..
شارێکانی بێ هودەیی
جوگرافیای شادی وێڵ دەبن و
لە چاوتروکانێکدا
کیشوەرەکانی چاوەڕوانی
لە ڕشترین هەسارە گیردەکات..
خەونەکانی
بە شانامەی ئەڤین داری
ئۆقیانوسی هەناوی سوور دەکات..
فرمێسکەکانی
وەک دوا هەناسەکانی حەللاج
پڕن لە سووتانی ئەو دەستە ڕەشانی
لەکتێبخانە سەرهەڵگرتووەکەی
دەست نووسەکەی مەحوی دەدڕێنن..
بونەتە ڕۆمانێک و
لە تەنیشت خەیاڵەوە
لێوەکانی
وەک هەورێکی گرینۆک
سروشتی زاراوەکان دەخنکێنێ..
زەنگی دەرگاکانی تەنیایی
لە نرکەی زامێک دەچێ
بێ ئاگر .. دەسوتێ
دوکەڵی شپرزیان
وەک گلاراوکەی ڕوحی
بۆ خەیاڵێک دەگەڕێن..
تا لەباوشی تاسەکەیدا
زەردەخەنەی ماندووی
فێربکات
چۆن کاژی بێ ئۆقرەیی
فڕێ بدات..
ئەم ئەشکانە
بیرۆکەیەکی
خوێ ئاسای پێ دەبەخشیی..
تا دوا هەناسەی مۆمێک کپ بکات و
جارێکی تر
تنۆک.. تنۆک
دوا تروپکەی گڕوگاڵێ
سەر دیواری توانەوەی گریان
بتوێنێتەوە..
کەچی ئەوەتا ..
دەرگای بەفرمێسک داخراوەکانی
بۆ دارستانی خۆشەویستی و
لێوی پڕ تاسە دەکاتەوە..
دەگەشێتەوە
بۆ ماچی ناوێک و
لە بەردەم پەنجەرەکانی ڕووناکی
چاوەڕوانی
کەنارەکانی گۆنایەک دەکات
کاتێ تێکەڵ بەڕوومەتی بەرەبەیان
دەبن..
هاوار دەکات
بۆ ئەو پریشکە عیشقەی

لە هەزار و یەک پرسیاردا سەرچاوە دەگرێ و
دەڵێت..
لەوەتەی ئادەم پەراسوی هەیە من لە تۆدام..
ئێستا
ئەو مێنەیەکە لە باران و
بۆنێکی لێوان لێو لە سوێ
سەردەخاتە سەر سنگی
بە ئەندازەی تاڵەکانی ئارام گرتن..
هێدی.. هێدی
هەر پێنج هەستەکەی پیرۆز دەکات
تا گزنگی ئارەزوو هەڵدێ..
لە نێوان
هەڵکشان و داکشاندا
چاودێری
شەپۆلەکانی ئاوات دەکات
بۆ ئەوەی خەونە پاکەکانی
بەهەناسەی
هۆگربوون خۆشە بکات
بە وەرزێک تەواو لە پرتەقاڵ..
.........

سلوى حسين علي




# لاله عەبدە




- 1947 له سلێماني لەدایکبووە.
- 1970پەیمانگەی هونەرەجوانەكاني بەغدای تەواوكردووە.
- 1973 یەکەمین پێشانگەی تایبەتي لەسلێماني کردۆتەوە.
-1976 دووەمین پێشانگەی تایبەتي بەکاری ئاوی هۆڵي سورکێو-سلێماني
- 1977 چۆتە ئیتاڵیاو لەئەکادیمیای فلۆرەنساو لەلای پرۆفیسۆر (فرناندۆ فەرولل‌ي) هونەری خوێندووە.
- 1979 سێیەمین پیشانگەی تایبەتي لە گەلەری هونەری هاوچەرخ لە لاپێرلا- فەرەنسا.
-1979 چوارەمین پێشانگەی تایبەتي لەشاری فلۆرِەنسا.
- 1979 مەدالیای ئاڵتونی وەك خەڵاتي یەکەمی لەپێشانگەی ئەکادیمیاکانی ئیتاڵیا بەدەستهێناوە.
- 1981 پێنجەمین پێشانگەی تایبەتی لەشاری فلۆرِەنسا.
- 1988شەشەمین پێشانگەی تایبەتي لە طەلەری Petipont ستراسبۆرگ-فەرەنسا.
- 1988حەوتەمین پێشانگەی تایبەتی لەگەلەری AGF ستراسبۆرگ.
- 1989 هەشتەمین پێشانگەی تایبەتي لەهۆڵي پەرلەماني ئەوروپا- فەرەنسا.
- 1990 نۆیەمین پێشانگەی تایبەتي لەهۆڵي Bultel Gallerie ستراسبۆرگ-فەرەنسا.
- 1996 دەیەمین پێشانگەی تایبەتي Selesat-Bandede lafrance.
- 1997 یانزەهەمین پێشانگەی تایبەتي لە گەلەری Coup de cadre.
-2010 دوانزەهەمین پێشانگەی تایبەتي لە گەلەری مۆزەخانەی سلێماني.
- 1969- 1975 لەسلێماني وەك مامۆستای هونەری وانەی وتۆتەوە.
- 1971- 1974 لە دەرهێنان و کارە هونەرییەکاني طۆزاری (ئەستێرە)ی منداڵان کاری کردووە.
-1970-2011 بەشداری چەندین پێشانگەی هاوبەش کردووە لە (سلێماني، بەغدا، ئەڵمانیا، ئیتاڵیا، بەریتانیا، فەرەنسا، پاریس).



( Women and Windows ) Oil , 90X90cm ,1985



( Barzan Drama ) Watercolor , 30X45cm , 1985



( Ambiguty of Time ) Oil , 70X90cm , 1989




( Bignig of Deportation and massacrs ) Oil , 80X100cm , 1977



( Oriëntal Abstraction ) Acrylic , 70x90cm , 1997




( Women and Windows ) Oil , 90X90cm ,1985



( Tibute Michelangelo ) Oil , 60x80cm , 1994



( Tribute Michelangelo ) Oil , 60x80cm , 1994



( Bottecelli in oriëntal windows ) Oil , 70x90cm , 1994

# کورد
# لەنێوان بەرائەتی منداڵێتی و پێگەیشتنی نەتەوەکاندا

## د. کامەران محەمەد



چەمکی بەرائەت و پێگەیشتن:

لەم نووسینەدا وشەی (بەرائەت) بە واتا ئەرێنییەکەی کە ئاماژەیە بۆ پاکی ئاکاریی یان ڕاستگۆیی بەکارنەهێنراوە، بەڵکو واتایەکی ڕەخنەیی هەڵگرتووە و (ساویلکەیی سیاسی) و (نەزانینی مامەڵەکردن لەگەڵ پرسە چارەنووسسازەکاندا) دەگەیەنێت، واتە وردتر (لێبوردەیی پەڕگیر) و (سازشکردن لەسەر مافە بنەڕەتییەکان) و (وەڵامدانەوەی سۆزدارییانە نەک ستراتیژییانە) و ...تاد دەگەیەنێت، کەواتە، بەرائەت لەم چوارچێوەیەدا واتای نەبوونی هۆشیاری سیاسی پێگەیشتووە، کە ڕێگە بە کۆمەڵ نادات سوود لە دەرفەتە مێژووییەکان وەربگرێت و لە کەوتنە ناو هەڵەکان دووربکەوێتەوە، کە شوێنکەوتوویی و سازشکردن دەچەسپێنێت.

وشەی "پێگەیشتن"یش واتە گەیشتن بە ئاستێکی بەرزی هۆشیاری سیاسی و واقیعی ستراتیژیی، کە لە ڕێگەیەوە نەتەوەیەک دەتوانێت کاروباری خۆی بە زیرەکی بەڕێوەببات و مافەکانی بپارێزێت و ئایندەی خۆی لەسەر بناغەیەکی بەهێز بونیاد بنێت. واتە (پەیبردنێکی قووڵ بە مافە مێژوویی و سیاسییەکان) و (بڕیاردانی ستراتیژی نەخشەبۆکێشراو) و (فێربوون لە ئەزموونی گەلانی تر) و (پاراستنی یەکێتی نیشتمانیی) و (هاوسەنگیکردن لەنێوان بنەماکان و بەرژەوەندییەکان).

بەمشێوەیە پێگەیشتن واتە گەڵ ئاگاداری مافەکانی خۆی بێت و لە کاروبارە ستراتیژەکانیدا زیرەک بێت، بتوانێت لە ئەزموونەکانی و ئەزموونی ئەوانی دیکە فێربێت و بڕیار بدات و داهاتووی خۆی بە شێوەیەک بونیاد بنێت، کە گەرەنتی کەرامەت و سەربەخۆیی بکات.

منداڵ و جەللاد:

ئەگەر گەلان بە مرۆڤ بچوێنین، ئەوا بە دڵنیاییەوە کورد ئەو منداڵە بەریئەی نێو گەمە و گاڵتەجارییەکانی گەورەکانە. منداڵێک، سەرەڕای دووبارەبوونەوەی لێدانەکان، بەڵام بە پێدانی پارچە شیرینییەک زەردەخەنەیەک دەکات و دڵخۆش دەبێت و دەڵێت: "ئاساییە، لێت خۆش دەبم". مێژووی کورد تێکەڵەیەکی دڵتەزێنە لە مەرگەسات و سادەیی، کە وەک دڕندەکان کەڵبەکانیان لە جەستەی توند دەکەن و دواتر لە بەرامبەر ئاماژەیەکی (میهرەبانی) یان هەندێکجار هەر دوورخستنەوەی کەڵبەکانیان بەسە بۆ ئەوەی هەموو ستەمێک لەبیر بکات.

با لە هەڵەبجەوە دەست پێ بکەین، ئەو لاپەڕە هەژێنەرەی مێژووی کورد. لە ساڵی (١٩٨٨) کیمیابارانێکی ڕێکخراو لەلایەن ڕژێمی سەدام حوسێنەوە شارەکەی کردە گۆڕستانی ژنان و منداڵان و بەساڵاچووان. جیهان شایەتحاڵی ئەم مەرگە بەکۆمەڵە بوو، لەگەڵ ئەوەشدا، ساڵانێکی دواتر، ئەو فڕۆکەوانە (تاریق ڕەمەزان)ی کە ئەم تاوانە نەگێڕدراوەی ئەنجامدا، لەلایەن سەرۆکی قوربانییەکانەوە ئازادکرا. واتە نەک لەلایەن دەسەڵاتێکی دوور و بێباکانە، بەڵکو بە ڕەزامەندی و فەرمانی ڕاستەوخۆی سەرۆکێکی (مرۆڤدۆست!)ی کورد.

ئەم هەڵوێستە تەواو بە پێچەوانەی هەڵوێستی جولەکەکان بەرامبەر بە ئەفسەری نازی ( ئەدۆلف ئایخامان) بوو، کە بەرپرسی قەڵاچۆکردنی جولەکەکان بوو، ئەوەبوو دوای پانزە ساڵ لە کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی و لە ساڵی (١٩٦٠)، هەواڵگری ئیسرائیل توانییان لە ئەرجەنتین بیدۆزنەوە و بە کردارێکی بوێرانە فڕاندیان و هێنایانەوە بۆ ئیسرائیل و بەبەرچاوی هەموو جیهانەوە دادگاییان کرد و لە سێدارەیان دا.

ئەم کردەوەیەی کورد بەرامبەر بە (تاریق ڕەمەزان)، دەتوانرێت وەک لێبوردن تەماشا بکرێت، بەڵام وێنەی ئەو منداڵەمان بیر دەهێنێتەوە، کە ڕۆژانە لە گۆڕەپانی یارییەکەیدا چەقۆوەشێنەکە پارەکەی لێدەسەنێت و ئەویش بەردەوام لێی خۆش دەبێت!

ئایا ئەمە بەرائەتە، یان بێهەڵوێستیی و ساویلکەییە؟ دیارە کە مێژوو دووەمیان پێشنیار دەکات.

منداڵ و شیرینیی:

کاتێک عێراق لە دەستی سەدام حوسێن ئازاد کرا (٢٠٠٣)، دواجار کورد لە دۆخێکدا بوو، کە بتوانێت داوای دادپەروەریی، سەربەخۆیی، یان تەنانەت پشکێکی دادپەروەرانە لە دەسەڵاتی عێراقدا بکات. ئەوەبوو پۆڵ بریمەر و ئیدارەی ئەمریکا لێیان پرسی: چیت دەوێت؟

جیهان بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی هەناسەی خۆیان ڕاگرتبوو، چاوەڕێی ئەوە بوون، کە داوای سەربەخۆیی خۆیان بکەن، داواکارییەکی ڕەوای دوای سەدەیەک لە چەوساندنەوە. بەڵام لەبری ئەوە داوای پارەیان کرد. بەڵێ، پارە. نەک سەروەریی، نەک دادپەروەریی، نەک کەرامەت- تەنها پارە.

ئەم دیمەنە لە (بەرائەت)ی منداڵێک دەچێت! منداڵێک کە قسەی ناشرینی پێووتراوە و لێیدراوە و تەواو شکۆی شکێنراوە، بەڵام دواجار دەرفەتی ئەوەی بۆ ڕەخساوە، هەستێتەوە و داوای گەڕاندنەوەی کەرامەت و شکۆی خۆی بکات. بەڵام ئەو داوای شیرینی دەکات. واتە تەواو بە پێچەوانەی ڤێتنامییەکانەوە، ڤێتنام هەرچەندە لەلایەن ئەمریکییەکانەوە وێران کرا، بەڵام هەموو چارەسەرێک یان دەستکەوتێکی کاتییان ڕەتکردەوە. بەوپەڕی خۆڕاگریی و ئارامییەوە چاوەڕێی ئەوە بوون تا دوا ئامانجەکانیان بەدیهات، ئەویش بریتیبوو لە شکۆ و کەرامەت و ئازادیی و دەوڵەتێکی یەکگرتوو و سەربەخۆ.

منداڵ و یاریی:

مێژووی کورد هەمیشە پڕ بووە، لە سازشکردن لەسەر خاک لە بەرامبەر بەدەستهێنانی دەستکەوتی ماددیی و ئابووری. با شاری کەرکوکی دەوڵەمەند بە نەوت وەربگرین، کە هێمای شوناس و بەرخۆدانی کوردە. لە ساڵی (٢٠١٧) دوای ڕیفراندۆمێکی (ناوەخت و گوماناویی!) بۆ سەربەخۆیی، هێزە کوردییەکان ئەو ڕێکەوتنامەیان جێبەجێکرد، کەپێشتر لەگەڵ حکومەتی عێراق و ئەمریکا بەستبوویان، بەپێی ڕێکەوتنامەکەش بڕیاریان دابوو، لەبەرامبەر پێدانی بڕێک پارە، دوای دەرکردنی داعش هێزەکانیان بۆ قوڵایی هەرێم بگەڕێننەوە و لە ٥١% ی خاکی هەرێمی کوردستانیان ڕادەستی عێراق کردەوە! لە ڕاگەیاندنەکانیشدا (بریکارەکانی کوردایەتی) یەکتریان بە خیانەت تۆمەتبار دەکرد! تەواو بەپێچەوانەوەی زۆربەی وڵاتە داگیرکراوەکانەوە، کە هەرگیز سازشیان لەسەر بستێک خاک نەدەکرد لە ڕێکەوتننامەکاندا.

ئەم کردارەی کورد تەواو وێنەی ئەو منداڵەمان بیردەخاتەوە، کە یارییە دڵخوازەکەی بە بڕە پارەیەکی کەم دەفرۆشێت، بێ ئاگا لە بەها مەعنەوی یان داهاتووییەکەی، دواتریش وڕک دەگرێت و شینی بۆ دەکات و ئەوانی تر تۆمەتبار دەکات.

منداڵ و متمانە:

متمانە بەردی بناغەی منداڵێتییە، کوردیش بە ئاسانی متمانە دەکات. پەیمانی سیڤەر لە ساڵی (١٩٢٠) کە بەڵێنی نیشتمانێکی پێدان، تا دەگاتە خیانەت لەو بەڵێنە لە پەیمانی لۆزان لە ساڵی (١٩٢٣)، تەنانەت بەدرێژایی سەدەیەک لەو پەیمانەوە، کورد چەندین جار لەلایەن زلهێزە نێودەوڵەتییەکانەوە فریودراوە. بەڵام ئەو هەرگیز لە پێدانی متمانە بە ئەکتەرە دەرەکییەکان، بە هیوای ڕزگاربوون، ساردنەبووەتەوە.

منداڵ و لاساییکردنەوە:

لاساییکردنەوەی منداڵان بۆ گەورەکان، بەیەکێک لەدیارترین تایبەتمەندییەکانی منداڵێتی دادەنرێت. بۆیە ئەمە دەتوانێت هاوێنەیەکی مەجازی بێت، بۆ تێگەیشتن لەوەی کە چۆن گەلان زۆرجار لاسایی خەسڵەت و ڕەفتاری ئەو کەسانە دەکەنەوە، کە زاڵن و هەژموونیان بەسەریاندا هەیە، ئەمەش دەبێتە هۆی لەدەستدانی شوناسی تایبەتی خۆیان. دیارە ئەم دیاردەیە بەتەواوی بەسەر کوردا جێبەجێ دەبێت. گەلی کورد بە مێژوو و کەلتوور و زمانە دەوڵەمەندەکەیەوە، بە درێژایی مێژوو چەندین جار کەوتۆتە ژێر کاریگەری داگیرکەران و دەوڵەتە زلهێزەکانەوە.

بەڵام لەسایەی فەرمانڕەوایەتی کوردیدا ئەم دیاردەیە ڕەهەندێکی ترسناکتری وەرگرت، چونکە حکومەت خۆی لە ڕێگەی وەزارەتەکانییەوە بە پرۆژە ئەو کارە دەکات! بە سەرنجێکی ورد لە کاری وەزارەتی پەروەردە لە ماوەی ئەم سێ دەیەی پێشوودا لەوە تێدەگەین، کە چۆن وەزارەتی پەروەردە لە وڵاتە پێشکەوتووەکانەوە میتۆدی خوێندنی هێناوە بەبێ ڕەچاوکردنی واقیع و هەلومەرجی کۆمەڵی کوردەواری و ڕەسەنایەتی ئەو پرۆگرامانەی سەپاند! بەڵام لەباتی ئەنجامێکی ئەرێنی، پەروەردەی توشی ئیفلیجی کرد، دیارە ئەمە بۆ بوارەکانی تریش بە ڕێژەی جیاواز ڕاستە.

منداڵێتی ئەبەدی و پێگەیشتن:

منداڵێتی باشی خۆی هەیە، وەک سادەیی، پاکیی و گەشبینی و..تاد، ئەوانە سیفەتگەلێکن، کە زۆرێک لە گەلان دەتوانن خۆیانی پێوە بڕازێننەوە. بەڵام منداڵێتی ئەبەدی واتە (گەورەنەبوون) باجی خۆی هەیە. وا لە کورد دەکات، هەمیشە ئیستغلال بکرێت و نەتوانێت بە ئاڵۆزییەکانی جیۆپۆلەتیکدا گوزەر بکات و بەردەوام پشت بە نیەتی باشی ئەوانی تر ببەستێت.

بەمشێوەیە کاتی ئەوە هاتووە، کورد لە منداڵێتییەوە بەرەو پێگەیشتن و گەورەبوون هەنگاو بنێت. چونکە کورد باجێکی قورسی منداڵیبوونە سیاسییەکەی خۆی داوە. ئاڵنگاری ئێستا ئەوەیە، کە لە مێژووەوە فێرببین، لە کۆمەڵێکەوە کە لە چاوی منداڵێکی بێتاوانەوە جیهان دەبینێت، بۆ کۆمەڵێک بگۆڕێت، کە بزانێت کەی لە تاوانباران خۆش دەبێت و کەی بەو پەڕی خۆڕاگرییەوە بووەستێت.

ئاشکرایە جیهان گۆڕەپانی یاری منداڵان نییە، سیاسەتیش یارییەکی ڕاگوزەریی نییە. کورد ئەگەر بیەوێت لە جیهاندا شوێنی شیاوی خۆی هەبێت، دەبێت (گەورە) بێت، واز لە وەرگرتنی شیرینی لەو کەسانەی کە لێی دەدەن، بهێنێت و داوای مافی خۆی وەک گەلێک کە شایستەی کەرامەت و سەروەرییە بکات.

(٢٠٢٥/١/١)

# زنجیرە کتێبی تۆماری سەروەری لە هەشت بەرگ و 5238 لاپەڕە پێکهاتووە




- بەرگی یەکەم تایبەتە بە مەفرەزە سەرەتاییەکان - لە شارباژێڕ - گەرمیان ، قەرەداخ ، پێنجوێن ، شارەزوور ، هەورامان ، باڵەکایەتی ، هەولێر ، پشدەر ، بیتوێن ، مەنگوڕایەتی - دۆڵی شاورێ و ئاکۆیەتی - ڕەواندز - دۆڵی ئاکۆیان ، ناوچەی کۆیەو خۆشناوەتی - بناری کۆسرەت ، – هەرێمەکان پێکهاتووە لە هەرێمەکانی ١،٢،٣،٤،٥،٦،٧،٨،٩،١٠،١١،١٢،١٤ لەگەڵ قووەتەکانی خۆشناوەتی ، مەرگە ، دەشتی هەولێر - کۆیە ، کۆسرەت

– بەرگی دووەم و سێهەم و چوارەم پێکهاتووت لە سەرجەم تیپەکانی هێزی پێشمەرگەی چوارمەڵبەندەکەی یەکێتی لە ساڵی ١٩٨٢ ــ ١٩٨٨

- بەرگی پێنجەم و شەشەم پێکهاتووە لە زنجیرەیەک دۆسیەی تایبەت
–

- بەرگی پێنجەم ئەم دۆسیانە لەخۆ دەگرێت ــ قیادە مۆقەتە - بەرەی جود ، هێزی پشتیوان ، ڕاپەڕین و خۆپیشاندانی شاروو شارۆچکەکانی کوردستان ، ئەنجوومەنی گوندەکان ، گرتنی ناحیە - شاروو شارۆچکە – گفتوگۆی شۆڕش لە گەڵ ڕژێمی عێراق ،


بەرگی شەشەم ئەم دۆسیانە لەخۆ دەگرێت - داستانی دابان - هەللاج - قەرەتیکان - داستانی سێ مانگەی قەیوان ماوەت - لێدانی بیرەنەوتەکانی کەرکوک - ئاشتبوونەوەی گشتی - داستانی ڕزگاری - کیمیابارانکردنی شاروو شارۆچکەکانی کورستان ، سووپای ڕزگاری کوردستان - سرک ، ڕێکخراوی سلەیمانی - هەولێر - بادینانی کۆمەڵە – شانەچەکدارەکانی برووسک و - شاڵو - ڕاپەڕینی شاروو شارۆچکەکانی کوردستان

بەرگی حەوتەم - تایبەتە بە ئەنفال و بەرگری - بەرگری هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شاڵاوەکانی ئەنفالی یەک لە دۆڵی جافەتی ، ئەنفالی دوو لە ناوچەی قەرەداخ ، ئەنفالی سێ ناوچەی گەرمیان ، ئەنفالی چوار کۆیەو گۆپتەپەو عەسکەر - سەر زێی بچووک ، پەنفالی پێنج وشەش ، دۆڵی ئالانەو بالیسان و خۆشناوەتی و ، دۆڵی ئاکۆیان و ڕەواندزو هەندرێن و کوڕەک و قەڵاتووکان تا دەگاتە ئەنفالی حەوت لە قەندیل ، زنجیرەی کونەکۆتر ، هەورەڕۆن - گۆمی کرمە سووران ، دۆڵی باڵەییان ، تا شەهید بوونی ئازاد هەورامی

ئەنفالی هەشتی ناوچەی بادینان

بەرگی هەشتەم و کۆتایی ، تایبەتە بە مەفرەزە پاریزانەکان - لە ساڵی ١٩٨٨ـ ١٩٩١ ، کە تێکڕای پارتیزانەکان لە شارباژێڕ - سورێن ، کەرکوک ، گەرمیان ، باڵەکایەتی - سۆران ، بیتوێن ، پیرەمەکرون - کاروخ ، بناری کۆسرەت ، کۆیە ، هەولێرو دەشتی هەولێر - زرارەتی و بەڕانەتی - بادینان - قەرەداخ ، بەمۆ ، دەربەندیخان -

**زنجیرە کتێبی تۆماری سەروەری - بەرهەمی بۆردی هۆشیاری - مەکتەبی ڕاگەیاندنی (ی،ن،ک) ە و ، نووسین و ئامادەکردنی ئازاد سەراوییە**








# ئازاد سەراوی و خەرمانی سەروەرییەکانی شۆڕش

## یادنامە

خەرمانێک لە مێژوو ، کۆگایەک لە تۆمار ، چادرێک پڕ لە هەگبەکانی شۆڕش ، کاک ئازادێک پڕ لە ماندوو بون و پڕ لە بەرهەمی مێژووی ، سەروای توێشویەک بۆ ڕێگا دورەکان ، کەشکۆڵەکەی ئەم جارە هەشت کتێب کە کۆی سەروەریەکانی شۆڕشی تێدا تۆمار کراوە ، وەک بەڵگە و دێکۆمێنت دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ توێژینەوەکانی بەکالوریۆس و ماستەر و تێزەکانی دکتۆرا لەسەر شۆڕش ، هەشت بەرگی تۆمار یەکسانە بە دابەشکردنی کۆی سەروەرییەکانی شۆڕش بۆ هەشت کێڵگە و نوسینەوەی مێژوو وەک خۆی ، سەراوی دەبێت لە پای ئەم تۆمارە گەورەیە ڕێزی گەورەی لێبگیرێ ، بە ناوی ستافی یادنامەوە و دەستخۆشی لێدەکەین و بەهیوای بەرهەمی زیاترین.










ئێمە بە سەرکەوتویی چەندین پرۆژەی نیشتەجێبون پێشکەش دەکەین، **چوارچرای نوێ بۆ شوێنی نیشتەجێبون** کە وەبەرهێنەری پێشەنگی خانووبەرەیە ، بە شانازییەوە نوێترین پرۆژەی خۆی پێشکەش دەکات بە بازاڕی خانووبەرەی کوردستان لە شاری سلێمانی

کۆمەڵگەکانی **C** و **D**ی شوقەکان

ئەم پرۆژەیە لە ڕێگەی پرۆسەیەکی وردەوە بەدیهێنرا کە هاوکاریی نزیکی نێوان تەلارسازان، ئەندازیاران و وەبەرهێنەران بەرجەستە کردبوو



هەر یەکە لە کۆمەڵگەی شوقەکان پێکهاتوە لە **22** نهۆم و سەرجەمیان **330** شوقە پێکدەهێنن جگە لە مانە پرۆژەکە **6** نهۆمی تایبەتی وەستانی ئۆتۆمبێلی تێدایە، هەروەها **دایەنگەیەک** و **باخچەیەکی منداڵان** و **باخچە ئاسمانییە کانی** لەخۆگرتووە، ئەمانە پێکەوە شێوازی تێکەڵەیەک لە **کافیتیریا** و **شوێنی پشوودان** و **یاریگەیەکی ناوەوە** و **هۆڵێکی وەرزشی** دەرەوە و تەماشاکردنی دیمەنی سەرسوڕهێنەری شاخەکان بە پرۆژەکە دەدات



new chwar chra residentials

the friendliest neighborhoods

**ناونیشان**
چوارچرای نوێ
سلێمانی

0770 533 3333
0770 053 3333



YADNAMA
یادنامە

**بڵاوکراوەیەکی مانگانەی سەربەخۆی ڕۆشنبیری**
**گشتی ئەلکترۆنیە ، بابەتگەلێک لە بوارەکانی**
**(مێژوو ، کەلتور ، زمان ، منداڵان ،**
**یادەوەری پەروەردە ، ئەدەب و هونەر) لەخۆدەگرێت.**
**سەرنوسەر و خاوەنی ئیمتیاز: سەرکەوت محەمەد فەتاح**
**(سەرکەوتی جیهاز)**
**دەستەی نوسەران**
**ڕەووف محەمەد ئالانی**
**بەختیار شارەزوری**
https://www.facebook.com/groups/3114992011918760/?ref=share&mibextid=NSMWBT
**یادنامە سەکۆیەکە بۆ ڕا جیاوازەکان و بەرپرس نیە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان**




sharazwri@gmail.com
009647701961087
Raufalanny3018@gmail.com
009647701553018
sarkawt_47@hotmail.com
0031615852703